التجويد المصور

يحتوي على أحكام التجويد كاملة على شكل لوحات وصور توضيحية

ومرفق به قرص مدمج للوحات الكتاب للعرض على الحواسب وأجهزة الإسقاط

تأليف خادم القرآن الكريم

الدكتور أيمن رشدي سويد

مكتبة ابن الجزري

دمشق - سورية

الجزء الثاني



طبعة خاصة

للهيئة العالمية لتحفيظ القرآن الكريم

يوزع مجاناً ولا يباع

٢

التجويد المصور

به کوردی

گشت یاساکانی تەجوید بە وێنە و
ڕوونکردنەوە لە خۆ دەگرێت



الدكتور أيمن رشدي سويد



الموضـــــوع : دراسات قرآنية

العنـــــوان : التجويد المصور ٢/١

التـــأليـــف : الدكتور أيمن سويد

عـدد الصفحات : ٥٧٦

قياس الصفحات : ٢١ × ٢٩

الرقم التسلسلي : ٢

الترقيم الدولي : ISBN: 978-9933-9091-1-6


الطبعـة الثـانيـة : ١٤٣٢هـ - ٢٠١١م

الموزعون

سورية - حلب - دار نور الهداية - هاتف: [illegible]
سورية - حمص - مكتبة الأنصار - هاتف: [illegible]
الأردن - عمان - دار الفاروق - هاتف: [illegible]
لبنان - بيروت - دار البشائر الإسلامية - هاتف: [illegible]
مصر - القاهرة - دار السلام - هاتف: [illegible]
مصر - القاهرة - المكتبة الأزهرية - هاتف: [illegible]
الإمارات العربية - مكتبة البرهان - هاتف: [illegible]
الجزائر - العاصمة - دار الوعي - هاتف: [illegible]
السعودية - جدة - مكتبة روائع المملكة - هاتف: [illegible]
الكويت - العاصمة - مؤسسة الوعيد النافع - هاتف: [illegible]
اليمن - صنعاء - مكتبة خالد بن الوليد - هاتف: [illegible]
المغرب - الدار البيضاء - مكتبة الهجرة - هاتف: [illegible]
فرنسا - باريس - مكتبة سنا - هاتف: [illegible]

مكتبة ابن الجزري

سورية - دمشق - حلبوني - هاتف: [illegible]
فاكس: [illegible] - جوال: [illegible]
ibnaljazari@gmail.com - gethani@gmail.com



ناوی کتێب : التجوید المصور به کوردی

نووسەر : د . أَیْمَنْ رُشْدِی سُوَیْد

وەرگێڕانی : م . عبدالحمید بەرزنجی

پێداچوونەوە : م . عبدالجبار ابراهیم بابانی

تایپ : فرید لطیف عزت

دیزاین : باوەر کەمال قادر
fb.com/bawar.kemal

پێوانەی پەڕە : ١٧,٥ x ٢٥ سم

بۆ دەستکەوتنی ئەم بەرهەمە بە تاك و بە کۆ پەیوەندی بکە

بەم ژمارە مۆبایلەوە : ١٦ ٨٢ ٧٤٩ ٠٧٥٠

لە بەڕێوبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان ژمارە سپاردنی(١٣٣٢)ی ساڵی (٢٠١٨)ی پێدراوە

أَلْمُدُودُ

درێژکراوەکان

(اَلْمُدُودُ)

تَعرِيفُ المَدِّ

المدُّ لغةً : الزيادةُ والتطويل .

واصطلاحًا : إطالةُ الصوتِ بحرفٍ مِن حروفِ المَدِّ واللِّينِ أو حرفَيِ اللِّينِ .

وحروف المدِّ واللِّين : هي الألفُ والواوُ والياءُ السواكنُ ، المجانسُ لها ما قبلَها ، نحو : ﴿ نُوحِيهَا ﴾

وسُمِّيتْ (حروفَ المدِّ) : لأنَّ لها قابليةَ المَطِّ والتطويل .

وسُمِّيتْ (حروفَ اللِّين) : لخروجِها بامتدادٍ ولينٍ من غير كُلْفة .

پێناسەی مەد

مەد لە زمانەوانیدا : زیادە و درێژکردنەوە .

لەزاراوەدا : درێژکردنەوە ی دەنگی پیتێک لە پیتەکانی (مەد) یان دوو پیتەکەی لین.

وە پیتەکانی مەد بریتین لە :(ئەلیف و واو و یاء) ی زەنەدار ، کە جووڵەی پێش خۆیان لەرەگەزی خۆی بێت ، وەکو : ﴿ نُوحِيهَا ﴾

وە ناونراوە بە (پیتەکانی مەد) : چونکە بۆ خۆیان توانای درێژکردنەوە یان تێدایە.

وە ناونراوە بە (پیتەکانی لین) : چونکە درێژ دەکرێتەوە بە ئاسانی و بەبێ زۆر لە خۆکردن .

حَرفَا ٱللِّينِ

تقدَّمَ في صفاتِ الحروفِ (ص ١٩٣) أنَّ حرفَيِ اللِّينِ هما الواوُ والياءُ الساكنتانِ ، المفتوحُ ما قبلَهما ، نحو :

﴿ قَوْلُ ﴾ ﴿ يَوْمَ ﴾ ﴿ قُرَيْشٍ ﴾ ﴿ وَٱلَّيْلِ ﴾

دوو پیتەکەی لین

پێشتر لە سیفاتی پیتەکاندا لە (لاپەڕەی ١٨٣) باسکرا کە دوو پیتەکەی لین بریتین لە (واو ، یاء) ی زەنەدار ، کە پیتی پێش خۆیان فەتحە ی هەبێت ، وەکو :

﴿ قَوۡلُ ﴾ ﴿ يَوۡمَ ﴾ ﴿ قُرَيۡشٍ ﴾ ﴿ وَٱلَّيۡلِ ﴾

أَنْوَاعُ الْمَدِّ فِي الْقُرْآنِ الْكَرِيمِ

فرعيٌّ (يُمَدُّ أكثرَ من حركتَين)		أصليٌّ (الطبيعيُّ)
(سببُه سكونٌ)	(سببُه همزٌ)	يُلحَقُ به :
اللازم	المتصل	البَدَل
العارضُ للسُّكون	المنفصل	العِوَض
اللِّين	الصِّلةُ الكُبرىٰ	الصِّلةُ الصُّغرىٰ

جۆرەکانی مەد لە قورئانی پیرۆز دا

مەددی بنەڕەتی (الأصلی) سروشتی (الطبیعی) دوو جووڵە درێژدەکریتەوە	مەددی لاوەکی (فرعیٌّ) (دوو جووڵە زیاتر درێژ دەکرێتەوە)	
پاشکۆکانی :	بە هۆکاری هەمزە :	بەهۆکاری زەنە :
مەددی لەجیاتی (البَدَل)	مەددی پێوەلکاو (المُتَصِل)	مەددی پەیوەست (اللَّازم)
مەددی قەرەبوو (العِوِض)	مەددی جیا (المُنفَصِل)	مەددی توشهاتوو بە زەنە (العَارِضُ للسُّكُون)
مەددی گەیاندنی بچوک (الصِّلَةُ الصُّغرىٰ)	مەددی گەیاندنی گەورە (الصِّلَةُ الكُبرىٰ)	مەددی ئاسان (اللِّین)

قِيَاسُ أَزْمِنَةِ المُدُودِ

تُقاسُ أزمنةُ المُدودِ بالحركات .

والحركةُ : هي الفترةُ الزمنيَّةُ اللَّازمةُ للنُّطقِ بحرفٍ متحرِّكٍ مفتوحٍ أو مضمومٍ أو مكسورٍ .

فزمنُ النُّطقِ بـ : قَ = زمنَ النُّطقِ بـ : قُ = زمنَ النُّطقِ بـ : قِ

پێوەری ماوەی مەددەکان

ماوەی مەددەکان بەجووڵە (الْحَرَكَة) دەپێورێت.

جووڵە (الْحَرَكَة) : بریتییە لە خایاندنی ئەو ماوەیەی کە پێویستە بۆ دەربڕینی پیتێکی جووڵاو کە (فَتَحَة) یان (ضَمَة) یان (كَسْرَة) ی هەبێت .

ماوەی وتنی : قَ = ماوەی وتنی : قُ = ماوەی وتنی : قِ

قِيَاسُ أَزْمِنَةِ الْمُدُودِ

ولأئمَّةِ القراءةِ في قياسِ أزمنةِ المدودِ **خمسةُ مقاديرَ** هي :

١ - **القصرُ** : هو المدُّ بمقدارِ حركتَين (كالطبيعيِّ) .

٢ - **فُويقُ القصرِ** : هو المدُّ بمقدارِ ثلاثِ حركات .

٣ - **التوسُّطُ** : هو المدُّ بمقدارِ أربعِ حركات (**ضِعفُ** الطبيعيِّ) .

٤ - **فُويقُ التوسُّطِ** : هو المدُّ بمقدارِ خمسِ حركات .

٥ - **الطُّولُ** : هو المدُّ بمقدارِ سِتِّ حركات (**٣ أضعافِ** الطبيعيِّ) .

پێوەری ماوەی مەددەکان

پێشەوایانی قیرائەت بۆ پێوانی ماوەی مەددەکان پێنج ئەندازەیان دیاری کردووە ئەوانیش :

١. کورت : ئەندازەکە ی دوو جووڵەیە (وەکو سروشتی) .

٢. تۆزێک لە سەرو کورت : ئەندازەکەی سێ جووڵەیە.

٣. ناوەند : ئەندازەکەی چوار جووڵەیە.

٤. تۆزێک لە سەرو ناوەند : ئەندازەکەی پێنج جووڵەیە.

٥. درێژ : ئەندازەکەی شەش جووڵەیە (سێ هێندەی سروشتی).

تَنْبِيهٌ

يتناسبُ طُولُ الحركةِ – وبالتالي طُولُ المدِّ – مع سُرعةِ القراءة : تحقيقًا وتدويرًا وحدرًا ، فمثلًا :

(٤) حركاتٍ في التَّحقيقِ هي أطولُ من (٤) حركاتٍ في التَّدوير .

و (٤) حركاتٍ في التَّدويرِ هي أطولُ من (٤) حركاتٍ في الحَدر .

واللَّوحةُ التاليةُ تُوضِحُ ذلك :

ئاگادارکردنەوە

دریژی جووڵە - لەهەمان کاتدا دریژی مەد - گونجاوە لەگەڵ شێوازی خوێندنەکە ئەگەر
بە لەسەرخۆ (التحقیق) یان بە مامناوەند (التدویر) یان بە خێرا (الحدر) بخوێنرێت، بۆ
نمونە :

(٤) جووڵە لە خوێندنەوەی لەسەرخۆ درێژترە لە (٤) جووڵە لە خوێندنەوەی مامناوەند.
(٤) جووڵە لە خوێندنەوەی مامناوەند درێژترە لە (٤) جووڵە لە خوێندنەوەی خێرا .
ئەم تابلۆیەی کە دێت ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە :

تناسب مقادير المدود مع سرعة القراءة



وكذلك بقيَّةُ مقاديرِ المُدود

وهي : (٢ ، ٣ ، ٥ ، ٦) حركات

گونجانی ئەندازەی مەددەکان لەگەڵ شێوازی خوێندنەکە

← ٤ جووڵە لە خوێندنی لە سەر خۆ →
← ٤ جووڵە لە خوێندنی مامناوەند →
← ٤ جووڵە لە خوێندنی خێرا →

وە ئەندازەی مەددەکانی تریش بەهەمان شێوەن کەبریتین لە : (٢،٣،٥،٦) جووڵە

١ - المَدُّ الطَّبِيعِيُّ

هو المدُّ الذي لا تقومُ ذاتُ الحرفِ إلَّا به ، ولا يتوقَّفُ علىٰ سببٍ من همزٍ أو سكون ، نحو : ﴿ قَالُواْ يَـٰمُوسَىٰ ﴾

ويُمدُّ بمقدارِ **حركتَين** لا غير .

والحركتان : هي الفترةُ الزمنيَّةُ اللَّازمةُ للنُّطقِ بحرفَين متحرِّكَين متتاليَين ، نحو : بَ بَ ، أو : بُ بُ ، أو : بِ بِ .

١ مەددی سروشتی (الْمَدُّ الطَّبِيعِيُّ)

بریتییە لەو مەددەی کە خودی پیتەکە بە بێ ئەو مەددە دروست نابێت ، وە هیچ هۆکارێک نیە بۆ دروست بوونی لە هەمزە یان زەنە ، وەکو :

﴿قَالُوا۟ يَٰمُوسَىٰ﴾

بەئەندازەی دوو جووڵە درێژدەکرێتەوە .

وە دوو جووڵەیش : بریتییە لەخایاندنی ئەو ماوەیەی کە پێویستە بۆ وتنی دوو پیتی جووڵاوی لە دوای یەک ، وەکو : بَ بَ ، یان بُ بُ ، یان بِ بِ .

٢ - مَدُّ البَدَلِ

هو **كُلُّ همزٍ مَمْدُودٍ** ، وهو حالةٌ خاصَّةٌ من الطبيعيِّ ، ويُمَدُّ بمقدارِ حركتَينِ ، نحو :

﴿ ءَامَنُواْ ﴾ ﴿ أُوتُواْ ﴾ ﴿ إِيمَـٰنًا ﴾

﴿ ٱلْقُرْءَانَ ﴾ ﴿ يُرَآءُونَ ﴾ ﴿ ٱلْخَاطِـِٔينَ ﴾

﴿ رَءَا ﴾ ﴿ وَجَآءُو ﴾ ﴿ ءَابَآءِي ﴾

وانظر سببَ تسميتِه بالبَدلِ في بحثِ اجتماعِ همزتَينِ ثانيتُهما ساكنةٌ ص ٥٠٩ .

٢ مەددی لەجیاتی (مَدُّ الْبَدَلِ)

بریتییە لە هەموو هەمزەیەکی درێژکراوە ، کە جۆرێکی تایبەتە لە مەددی سروشتی ، وە بە ئەندازەی دوو جووڵە درێژ دەکرێتەوە ، وەکو :

﴿ ءَامَنُواْ ﴾ ﴿ أُوتُواْ ﴾ ﴿ إِيمَـٰنًا ﴾

﴿ ٱلْقُرْءَانَ ﴾ ﴿ يُرَآءُونَ ﴾ ﴿ ٱلْخَاطِـِٔينَ ﴾

﴿ رَءَا ﴾ ﴿ وَجَآءُو ﴾ ﴿ ءَابَآءِي ﴾

تەماشای هۆکاری ناونانی ئەم مەددە بکە بە (البدل) لە باسی کۆبونەوەی دوو هەمزە کە دووەمیان زەنەدار بێت لە (لاپەرەی ٤٩٩) .

تَنْبِيهٌ (١)

لا يعوَّضُ عن تنوينِ النصبِ بألفٍ إذا كان علىٰ هاءِ تأنيثٍ بل يُحذفُ التنوينُ ويوقفُ علىٰ هاءِ التأنيثِ بالسكون ، نحو :

﴿ وَشَجَرَةً ﴾ ← يُوقفُ عليها ← ﴿ وَشَجَرَهْ ﴾

﴿ جَنَّةً ﴾ ← يُوقفُ عليها ← ﴿ جَنَّهْ ﴾

ئاگادارکردنەوە (١)

(هاء)ی تەئنیث ئەگەر کۆتایی بە (تەنوینی فەتحە) هاتبێ ئەلیف لە بری تەنوینەکە دانانرێت ، بەڵکو تەنوینەکە لا دەبرێ و لە سەر (هاء)ەکە بە زەنە دەوەستیت ، وەکو:

﴿وَشَجَرَةً﴾ ← لە سەری دەوەستیت بە ← ﴿وَشَجَرَهْ﴾

﴿جَنَّةً﴾ ← لە سەری دەوەستیت بە ← ﴿جَنَّهْ﴾

تَنْبِيه (٢)

تقفُ العربُ علىٰ ﴿ مَآءً ﴾ : (مَآءَا) بألفٍ بعدَ الهمزةِ ، ولكنَّهم لا يكتبونَها لأنَّهم لا يَجمَعونَ في الخطِّ بينَ ألِفَين متجاورتَين ، وكذلك يَقِفون علىٰ كلِّ ما شابَه ذلك ، نحو :

﴿ إِنشَآءً ﴾ ← يُوقفُ عليها → (إِنشَآءَا)

وهذا المدُّ هو من قَبيلِ مَدِّ العِوَضِ ، وليسَ مَدَّ بَدَلٍ ؛ لأنَّ ألِفَهُ عارضةٌ بسببِ الوقفِ ، وكذلك الوقفُ علىٰ نحو : ﴿ شَيْـًٔا ﴾

ئاگادارکردنەوە (٢)

عەرەب لەسەر وشەی ﴿مَآءً﴾ بە:(مَآءَا) دەوەستێت بە ئەلیفێک لە دوای هەمزەکە ، بەڵام نایینووسن چونکە دوو ئەلیف پێکەوە لە نوسیندا کۆناکەنەوە ، وە لەسەر وشە هاوشێوەکانی وەک ئەمە هەر بەم شێوەیە دەوەستین ، وەکو :

﴿إِنشَآءً﴾ لە سەری دەوەستیت بە (إِنشَآءَا)

جا ئەم جۆرە مەددە مەددی (عِوَض) ، وە مەددی (بَدَل) نی یە ، چونکە ئەلیفەکەی کاتی یە و بەهۆی وەستانەوەیە ,وەهەروەها وەستان لە سەر ئەوانەی وەکو :﴿شَيْـًٔا﴾ وان .

٤ - ٱلْمَدُّ ٱلْجَائِزُ ٱلْمُنْفَصِلُ

هو أنْ يأتيَ حرفُ المَدِّ آخِرَ الكلمةِ الأُولىٰ وهمزةُ القطعِ في أوَّلِ الكلمةِ التي تليها ، نحو :

﴿ بِمَآ أُنزِلَ ﴾ ﴿ قَالُوٓاْ ءَامَنَّا ﴾ ﴿ وَفِىٓ أَنفُسِكُمْ ﴾

ويُقالُ له : (المدُّ الجائز) لِاختلافِ القرَّاءِ في مدِّه وقصرِه .

ويُمَدُّ (في روايةِ حفصٍ من الشاطبيَّة) بمقدارِ (٤) أو (٥) حركات .

٤ مەددی ڕێپێدراوی جیا (ٱلۡمَدُّ ٱلۡجَائِزُ ٱلۡمُنفَصِلُ)

بریتییە لەوەی پیتی مەددەکە کۆتا پیتی وشەی یەکەم بێت و هەمزەی (قطع) کەوتبێتە سەرەتای وشەکەی دوای خۆی , وەکو :

﴿ بِمَآ أُنزِلَ ﴾ ﴿ قَالُوٓاْ ءَامَنَّا ﴾ ﴿ وَفِيٓ أَنفُسِكُمۡ ﴾

وە پێی وتراوە : (مەددی ڕێپێدراو) لە بەر جیاوازی (قُراءْ) لە کورتکردن و درێژکردنیدا.

وە لە ڕیوایەتی (حفص لە شاطبیە) دا بە ئەندازەی (٤) یان (٥) جووڵە درێژ دەکرێتەوە .

تَنْبِيهٌ

كُتِبتْ (يَا) الَّتي لِلنِّداءِ و (هَا) الَّتي لِلتَّنبيهِ في المصحفِ الشريفِ محذوفةَ الألفِ مَوصولةً بما بعدَها ، نحو :

﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ﴾ ﴿ يَـٰٓأُوْلِى ﴾ ﴿ هَـٰٓأَنتُمْ هَـٰٓؤُلَآءِ ﴾

والمَدُّ في هذهِ الكلماتِ وما ماثلَها مَدٌّ منفصلٌ وليسَ مدًّا متصلًا .

ئاگادارکردنەوە

(يَا) کە بۆ بانگکردنە (النداء) وە (هَا) کە بۆ ئاگادار کردنەوەیە (التنبیه) لە قورئانی پیرۆز دا ئەلیفەکەی نەنوسراوە و (یاء و هاء) ەکە لکێنراوە بە دوای خۆیەوە ، وەکو :

﴿يَـٰٓأَيُّهَا﴾ ﴿يَـٰٓأُوْلِي﴾ ﴿هَـٰٓأَنتُمْ هَـٰٓؤُلَآءِ﴾

وە مەددی ئەم وشانەو هاوشێوەکانی مەددی ڕێپێدراوی جیا (مُنْفَصِلَ) وە مەددی (مُتَصِل) نییە .

٥ - ٱلمدُّ ٱلواجبُ ٱلمتّصِلُ

هو أنْ يأتيَ حرفُ المدِّ وبعدَه همزةٌ في الكلمةِ نفسِها ، نحو :

﴿ وَجَآءَكُمُ ٱلنَّذِيرُ ﴾ ﴿ سُوٓءَ ٱلْعَذَابِ ﴾ ﴿ سِيٓءَ بِهِمْ ﴾

ويُقالُ له : (المدُّ الواجبُ) لوجوبِ تطويلِه عن الطبيعيِّ لكلِّ القرَّاء .

ويُمَدُّ (في روايةِ حفصٍ عن عاصم) بمقدارِ (٤) أو (٥) حركات .

٥ مەددی پێویستی لکاو (ٱلۡمَدُّ ٱلۡوَاجِبُ ٱلۡمُتَّصِلُ)

بریتییە لەوەی کە پیتێکی مەد هەبێت و بە دوایدا هەمزە هاتبێت لە یەک وشەدا ، وەکو :

﴿ وَجَآءَكُمُ ٱلنَّذِيرُ ﴾ ﴿ سُوٓءَ ٱلۡعَذَابِ ﴾ ﴿ سِيٓءَ بِهِمۡ ﴾

وەپێی وتراوە : (مەددی پێویست) چونکە درێژکردنەوەکەی لە مەددی سروشتی زیاترە لای هەموو (قُرَاء) ، وە لە ڕیوایەتی (حفص لە عاصم) دا بە ئەندازەی (٤) یان (٥) جووڵە درێژ دەکرێتەوە .

تَنْبِيهٌ (١)

توسُّطُ المنفصلِ يكونُ فقط مع **توسُّطِ** المتَّصل .

وفوَيقُ التوسُّطِ في المنفصلِ يكونُ فقط مع **مثلِه** في المتصل .

المنفصل	المتصل
٤	٤
٥	٥

ئاگاداركردنەوە (١)

مامناوەندی لە (مُنْفَصِل) دا بە تەنها لەگەڵ مامناوەندی یە لە (مُتَصِل) دا .

تۆزێک سەروو مامناوەند لە (مُنْفَصِل) دا بە تەنها لەگەڵ هاوشێوەکەیەتی لە (مُتَصِل)دا.

مەددی پێویستی لکاو (الْمُتَصِل)	مەددی ڕێپێدراوی جیا (الْمُنْفَصِل)
٤	٤
٥	٥

تَنْبِيهٌ (٢)

(هَا) فِي قَولِه تعالىٰ : ﴿ هَآؤُمُ ﴾ مِن أصلِ الكلمةِ وليسَت للتَّنبيهِ وعليهِ فالمدُّ الذي فيها مدٌّ متَّصلٌ وليس مدًّا منفصلًا .

ئاگادارکردنەوە (٢)

(هَا) لەم وشە قورئانیەدا : ﴿هَآؤُمُ﴾ لە بنەڕەتی وشەکەیە و بۆ ئاگادار کردنەوە نییە ، کەواتە ئەو مەددەی کە تیایەتی **مەددی** (مُتَصِلَ) و مەددی (مُنْفَصِل) نییە.

عَلامَةُ المَدِّ في ضَبطِ المُصحَفِ

اصطلحَ العلماءُ علىٰ وضعِ هذه العلامةِ (~)
فوقَ حرفٍ من حُروفِ المدِّ إشارةً إلىٰ تطويلِه عن
حدِّه الطبيعيِّ ، وأصلُها كلمةُ (مَدّ) تحوَّلت معَ
مُرورِ الأيامِ إلىٰ شكلِ المَدَّة ، انظر ص ٥٤٨ .

.

نیشانەی مەد لە قورئاندا

زانایان لەسەر پیتەکانی مەد ئەم نیشانەیان داناوە (~) وەک ئاماژەیەک بۆ درێژکردنەوەی لە سنوری ئاسایی خۆی ، وە لە بنەڕەتیشدا لە وشەی (مَدّ)ەوە هاتووە ، وە لەگەڵ ڕۆشتنی کات گۆڕاوە بۆ ئەم شێوازە ، تەماشای (لاپەڕەی ٥٣٨) بکە .

٦- مَدُّ الصِّلَةِ

هو صِلةُ هاءِ الضميرِ - للمفردِ الغائبِ المذكَّرِ - بواوٍ إنْ كانتِ الهاءُ مضمومةً ، وبياءٍ إنْ كانتْ مكسورةً ، بشرطِ أنْ تقعَ بينَ متحرِّكَينِ ، نحو :

﴿ إِنَّهُۥ عَلَىٰ رَجۡعِهِۦ لَقَادِرٌ ﴾

٦ مەددی گەیاندن (مَدُّ الصِّلَة)

بریتییە لە گەیاندنی - (هاء)ی ڕاناو کە بۆ تاکی نێرینەی نادیارە - بە واو ئەگەر (هاء)ە کە (ضەمە) ی هەبوو ، وە بە یاء ئەگەر (هاء)ە کە (کەسرە)ی هەبوو ، بەمەرجێک کەوتبێتە نێوان دوو جووڵاوەوە ، وەکو :

﴿ إِنَّهُۥ عَلَىٰ رَجۡعِهِۦ لَقَادِرٞ ﴾

أَقْسَامُ مَدِّ الصِّلَةِ

صِلَةٌ صُغْرَى

ليس بعدَ الهاءِ همزةُ قطعٍ ، نحو :

﴿ مَالُهُۥ وَمَا كَسَبَ ﴾

﴿ وَأُمِّهِۦ وَأَبِيهِ ﴾

صِلَةٌ كُبْرَى

بعدَ الهاءِ همزةُ قطعٍ ، نحو :

﴿ مَالَهُۥٓ أَخْلَدَهُ ﴾

﴿ إِلَىٰ طَعَامِهِۦٓ أَنَّا ﴾

جۆرەکانی مەددی گەیاندن

گەیاندنی بچوک

ئەگەر لە دوای هاء
هەمزەی (قَطع)
نەهاتبێت ، وەکو :

﴿مَالُهُۥ وَمَا كَسَبَ﴾

﴿ وَأُمِّهِۦ وَأَبِيهِ ﴾

گەیاندنی گەورە

ئەگەر لە دوای هاء
هەمزەی (قَطع)
هاتبێت ، وەکو :

﴿ مَالَهُۥٓ أَخْلَدَهُۥ ﴾

﴿ إِلَىٰ طَعَامِهِۦٓ أَنَّا ﴾

مِقْدَارُ مَدِّ الصِّلَةِ الصُّغْرَىٰ

تُمَدُّ الصِّلَةُ الصُّغرَىٰ بمقدارِ حركتَين ، وتُلحَقُ بالمَدِّ الطبيعيِّ ، نحو :

﴿ إِنَّهُۥ عَلَىٰ ﴾ ← تُقرأُ هكذا ← (إِنَّهُو عَلَىٰ)

﴿ رَجْعِهِۦ لَقَادِرٌ ﴾ ← تُقرأُ هكذا ← (رَجْعِهِي لَقَادِرٌ)

ئەندازەی مەددی گەیاندنی بچوک

مەددی گەیاندنی بچوک درێژ دەکرێتەوە بە ئەندازەی **دوو جووڵە** ، وە دەدرێتە پاڵ مەددی سروشتی ، وەکو :

﴿ إِنَّهُۥ عَلَىٰ ﴾ ← بەم شێوەیە دەخوێنرێتەوە ← (إِنَّهُو عَلَىٰ)

﴿ رَجۡعِهِۦ لَقَادِرٌ ﴾ ← بەم شێوەیە دەخوێنرێتەوە ← (رَجْعِهِي لَقَادِرٌ)

مِقدارُ مدِّ الصِّلةِ الكبرى

تُمَدُّ الصِّلَةُ الكُبرىٰ بمقدارِ (٤) أو (٥) حركات ، **وتُلحَقُ بالمَدِّ المُنفصِل** ، نحو :

﴿ مَالَهُۥٓ أَخۡلَدَهُۥ ﴾ ← تُقرأُ هكذا ← (مَالَهُوٓ أَخْلَدَهُ)

﴿ إِلَىٰ طَعَامِهِۦٓ أَنَّا ﴾ ← تُقرأُ هكذا ← (إِلَىٰ طَعَامِهِيٓ أَنَّا)

ئەندازەی مەددی گەیاندنی گەورە

مەددی گەیاندنی گەورە درێژ دەكرێتەوە بە ئەندازەی (٤) یان (٥) جووڵە ، و دەدرێتە پاڵ مەددی (مُنفَصِل) ، وەكو :

﴿مَالَهُۥٓ أَخۡلَدَهُۥ﴾ ← بەم شێوەیە دەخوێنرێتەوە ← (مَالَهُوٓ أَخۡلَدَهُ)

﴿إِلَىٰ طَعَامِهِۦٓ أَنَّا﴾ ← بەم شێوەیە دەخوێنرێتەوە ← (إِلَىٰ طَعَامِهِيٓ أَنَّا)

تَنْبِيهٌ (١)

يكونُ مَدُّ الصِّلَةِ في الوَصلِ لا غيرَ ، فإذا وَقَفْنا نَقِفُ بالسُّكونِ ، نحو :

﴿ مَالُهُۥ وَمَاكَسَبَ ﴾ ← يُوقفُ عليها ← (مَالُهْ)

﴿ إِلَىٰ طَعَامِهِۦٓ أَنَّا ﴾ ← يُوقفُ عليها ← (إِلَىٰ طَعَامِهْ)

ئاگادارکردنەوە (١)

مەددی گەیاندن تەنها لە کاتی بەیەک گەیاندن (الْوَصل) دا ڕوودەدات ، بەڵام کە وەستاین لەسەری بە (زەنە) دەوەستین ، وەکو :

﴿ مَالَهُۥٓ أَخْلَدَهُۥ ﴾ ← بەم شێوەیە دەوەستین ← (مَالَهْ)

﴿ إِلَىٰ طَعَامِهِۦٓ أَنَّا ﴾ ← بەم شێوەیە دەوەستین ← (إِلَىٰ طَعَامِهْ)

تَنۢبِيهٌ (٢)

ليسَ في الأمثلةِ التَّالية - ولا فيما يُماثلُها - مَدُّ صِلَةٍ ؛ لِانعدامِ الشَّرط :

﴿ فِيهِ هُدًى ﴾ ﴿ يَعۡلَمۡهُ ٱللَّهُۗ ﴾ ﴿ ٱسۡمُهُ ٱلۡمَسِيحُ ﴾

لأنَّ قبلَ الهاءِ ساكن — لأنَّ قبلَ الهاءِ وبعدَها ساكن — لأنَّ بعدَ الهاءِ ساكن

﴿ أَرۡجِهۡ وَأَخَاهُ ﴾ ﴿ فَأَلۡقِهۡ إِلَيۡهِمۡ ﴾

لأنَّ هاءَ الضَّميرِ ساكنة

ئاگاداركردنەوە (٢)

لەم نمونانە و - هاوشێوەكانیان - مەددی گەیاندنی تیا نییە؛ لەبەر نەهاتنەدی مەرجەكانیان:

﴿فِيهِ هُدًى﴾ — چونكە پیتی پێش هاء زەنەدارە

﴿يَعْلَمُهُ ٱللَّهُ﴾ — چونكەپیتەكانی پێش و دوای هاء زەنەدارن

﴿ٱسْمُهُ ٱلْمَسِيحُ﴾ — چونكە پیتی دوای هاء زەنەدارە

﴿أَرْجِهْ وَأَخَاهُ﴾ ﴿فَأَلْقِهْ إِلَيْهِمْ﴾ — چونكە هائی ڕاناو زەنەدارە

تَنْبِيهٌ (٣)

يُستثنَىٰ مِن قاعدةِ مَدِّ الصِّلةِ - علىٰ روايةِ حفصٍ - كلمتانِ :

الأُولَىٰ : لم تَنطبِقْ عليها القاعدةُ - لسكونِ ما قبلَ الهاءِ - وفيها صِلَةٌ ، وهي : ﴿ وَيَخْلُدْ فِيهِۦ مُهَانًا ﴾ (الفرقان ٦٩)

الثانية : انطبقَتْ عليها القاعدةُ - لوقوعِ الهاءِ بينَ مُتحرِّكَين - ولا صِلَةَ فيها ، وهي : ﴿ يَرْضَهُ لَكُمْ ﴾ (الزُّمَر ٧)

ئاگاداركردنەوە (٣)

ئەوەی جیایە لە یاسای مەددی گەیاندن – لەسەر ڕیوایەتی حفص – دا دوو وشەیە :

یەكەم : یاساكەی تیا نەهاتووەتەدی – چونكە پیتی پێش (هاء)زەنەدارە – بەڵام مەددی تیایە ، وەكو : ﴿وَيَخْلُدْ فِيهِۦ مُهَانًا﴾ الفرقان ٦٩

دووەم : یاساكەی تیا هاتووەتەدی – چونكە (هاء) لە نێوان دوو جووڵەدار دایە – بەڵام مەددی تیا نییە ، وەكو : ﴿يَرْضَهُ لَكُمْ﴾ الزُمَر ٧

تَنْبِيهٌ (٤)

تُعامِلُ العَربُ هاءَ ﴿ هَٰذِهِ ﴾ مُعاملةَ هاءِ الضميرِ من حيثُ الصِّلةُ وعدمُها ، نحو :

﴿ هَٰذِهِۦ بِضَٰعَتُنَا ﴾ ← تُقرأُ وصلًا كالصِّلة الصُّغرى ← (هَاذِهِي بِضاعَتُنا)

﴿ هَٰذِهِۦٓ أُمَّتُكُمْ ﴾ ← تُقرأُ وصلًا كالصِّلة الكُبرى ← (هَاذِهِيٓ أُمَّتُكُمْ)

﴿ هَٰذِهِ ٱلشَّجَرَةَ ﴾ ← لا صِلةَ فيها لسُكونِ ما بعد الهاء ← (هَاذِهِ الشَّجَرَةَ)

ئاگاداركردنەوە (٤)

عەرەب مامەڵەیان لەگەڵ هائی (هَـٰذِهِ) وەک مامەڵەی هائی ڕاناو كردووە لەڕووی بوون و نەبوونی مەددەوە تیایدا ، وەكو :

﴿هَـٰذِهِۦ بِضَـٰعَتُنَا﴾ ← لەكاتی گەیاندن وەک گەیاندنی بچوک (صِلَةِ الصُّغرىٰ) دەخوێنرێتەوە ← (هَاذِهِي بِضَاعَتُنَا)

﴿هَـٰذِهِۦٓ أُمَّتُكُمْ﴾ ← لەكاتی گەیاندن وەک گەیاندنی گەورە (صِلَةِ الكُبرىٰ)دەخوێنرێتەوە ← (هَاذِهِيٓ أُمَّتُكُمْ)

﴿هَـٰذِهِ ٱلشَّجَرَةَ﴾ ← مەددی (صِلَة) ی تیا نییە لەبەر ئەوەی پیتی دوای هاء زەنەدارە ← (هَـاذِهِ الشَّجَرَةَ)

تَنْبِيهٌ (٥)

الهاءُ في الكلماتِ التاليةِ وما ماثلَها **ليست من هاءِ الضميرِ** وإنَّما هي **هاءُ سكتٍ** تُلحِقُها العربُ آخرَ بعضِ الكلماتِ لبَيانِ حركةِ الحرفِ الأخيرِ منها ، وتُقرأُ - في روايةِ حفصٍ عن عاصمٍ - ساكنةً وصلًا ووقفًا ، نحو :

﴿ يَتَسَنَّهْ ﴾ ﴿ اقْتَدِهْ ﴾ ﴿ كِتَٰبِيَهْ ﴾ ﴿ حِسَابِيَهْ ﴾

﴿ مَالِيَهْ ﴾ ﴿ سُلْطَٰنِيَهْ ﴾ ﴿ مَا هِيَهْ ﴾

ئاگادارکردنەوە (٥)

(هاء) لەم وشانە و هاوشێوەکانیدا (هاء)ی ڕاناو نییە بەڵکو (هاء) ی (سکت) ە، کە عەرەب لکاندویەتی بە کۆتایی هەندێ وشەوە بۆ دەرکەوتنی جووڵەی پیتی کۆتایی ، وە لەڕیوایەتی -حفص لە عاصم -دا بە زەنەداری دەخوێنرێتەوە لە کاتی گەیاندن و وەستانیشدا ، وەکو :

﴿ يَتَسَنَّهْ ﴾ ﴿ ٱقْتَدِهْ ﴾ ﴿ كِتَـٰبِيَهْ ﴾ ﴿ حِسَابِيَهْ ﴾

﴿ مَالِيَهْ ﴾ ﴿ سُلْطَـٰنِيَهْ ﴾ ﴿ مَاهِيَهْ ﴾

تَنْبِيهٌ (٦)

الهاءُ في الكلماتِ التاليةِ وما ماثلَها هي من أصلِ الكلمةِ وليستْ هاءَ ضميرٍ :

﴿ وَجْهِ أَبِي ﴾ ﴿ فَوَاكِهُ كَثِيرَةٌ ﴾ ﴿ لَمْ يَنتَهِ لَنَسْفَعًا ﴾

ئاگادارکردنەوە (٦)

(هاء) لەم وشانە و هاوشێوەکانیدا لە بنەڕەتی وشەکەیە و (هاء)ی ڕاناو نییە :

﴿ وَجْهِ أَبِي ﴾ ﴿ فَوَٰكِهُ كَثِيرَةٌ ﴾

﴿ لَّمْ يَنتَهِ لَنَسْفَعًۢا ﴾

عَلامَةُ مَدِّ الصِّلَةِ الصُّغرىٰ في ضَبطِ المُصحَف

علامةُ مدِّ الصِّلةِ الصُّغرىٰ في ضبطِ المصحفِ وضعُ واوٍ صغيرةٍ

(و) بعدَ هاءِ الضَّميرِ المضمومةِ ، هكذا : ﴿ إِنَّهُۥ عَلَىٰ ﴾ .

وَوضعُ ياءٍ صغيرةٍ مردودةٍ إلىٰ الخلفِ (ے) بعدَ هاءِ الضَّميرِ

المكسورةِ ، هكذا : ﴿ رَجْعِهِۦ لَقَادِرٌ ﴾ .

نیشانەی مەددی گەیاندنی بچوک لە قورئاندا

نیشانەی مەددی گەیاندنی بچوک لە قورئاندا دانانی واوێکی بچوکە (و) لە دوای (هاء)ی ڕاناوەکە کاتێک کە ضەممەی هەبێت ، بەم شێوەیە :

﴿ إِنَّهُۥ عَلَىٰ ﴾

وەدانانی یائێکی بچوکی گەڕاوەیە بۆ دواوە (ۦ) لە دوای (هاء) ی ڕاناوەکە کاتێک کە کەسرەی هەبێت ، بەم شێوەیە:

﴿ رَجْعِهِۦ لَقَادِرٌ ﴾

عَلامَةُ مَدِّ الصِّلَةِ الكُبرى في ضَبطِ المُصحَف

هي وضعُ علامةِ المدِّ فوقَ واوِ أو ياءِ الصِّلةِ هكذا :

﴿ مَالَهُۥٓ أَخْلَدَهُۥ ﴾ ﴿ إِلَىٰ طَعَامِهِۦٓ أَنَّا ﴾

وٓ ىٓ

نیشانەی مەددی گەیاندنی گەورە لە قورئاندا

بریتییە لەدانانی نیشانەی مەد لەسەر (واو) یان (یاء)ی گەیاندن بەم شێوەیە :

﴿مَالَهُۥٓ أَخۡلَدَهُۥ﴾ ﴿إِلَىٰ طَعَامِهِۦٓ أَنَّا﴾

وٓ

ۦٓ

٧- المَدُّ اللازِمُ

هو أنْ يأتيَ حرفُ المَدِّ وبعدَه حرفٌ ساكنٌ سكونًا أصليًّا (وصلًا ووقفًا) ، نحو :

﴿ ٱلصَّآخَّةُ ﴾ ﴿ ٱلضَّآلِّينَ ﴾ ﴿ أَتُحَٰٓجُّوٓنِّى ﴾ ﴿ ءَآلْـَٰٔنَ ﴾

(صَآدْ ، نُوٓنْ ، حَـامِيٓـمْ ، طَاسِيٓمِّيٓمْ)

٧ مەددی پەیوەست (المَدُّ اللازم)

بریتییە لەوەی کە پیتی مەد دێت وە لە دوای ئەو پیتێکی زەنە دار بێت زەنەیەکی بنەڕەتی (لەکاتی گەیاندن و وەستاندا) ، وەکو :

﴿ ٱلصَّآخَّةُ ﴾ ﴿ ٱلضَّآلِّينَ ﴾ ﴿ أَتُحَـٰٓجُّوٓنِّى ﴾ ﴿ ءَآلۡـَٔـٰنَ ﴾

(صَآدْ ، نُوٓنْ ، حَامِيٓمْ ، طَاسِيٓمِّيٓمْ)

أَقْسَامُ المَدِّ اللَّازِمِ

لازمٌ كَلِميٌّ		لازمٌ حَرفيٌّ	
مُخفَّفٌ هو :	مُثقَّلٌ نحو :	مُخفَّفٌ نحو :	مُثقَّلٌ نحو :
﴿ءَآلْـَٰٔنَ﴾	﴿ٱلصَّآخَّةُ﴾	(حَـامِـيـمْ)	(طَاسِيمِّيمْ)

بەشەکانی مەددی پەیوەست (الْمَدُّ اللازم)

مەددی پەیوەستی وشەیی
(لازمٌ كَلِمِيٌّ)

ئاسانکراو
(مُخَفَّفٌ)وەکو:
ءَآلْـَٰٔنَ

قورسکراو
(مُثَقَّلٌ)وەکو:
ٱلصَّآخَّةُ

مەددی پەیوەستی پیتی
(لازمٌ حَرفِيٌّ)

ئاسانکراو
(مُخَفَّفٌ)وەکو:
حَامِيٓمْ

قورسکراو
(مُثَقَّلٌ)وەکو:
طَاسِيٓمِّيٓمْ

مِقدارُ المدِّ اللازِمِ

يُمَدُّ اللّازمُ بكلِّ أقسامِه بمقدارِ (٦) حركات .

أو نقولُ : بمقدارِ ثلاثةِ أضعافِ المدِّ الطبيعيِّ ، نحو :

﴿ ٱلصَّآخَّةُ ﴾ ﴿ ٱلضَّآلِّينَ ﴾ ﴿ أَتُحَٰٓجُّوٓنِّى ﴾ ﴿ ءَآلْـَٰٔنَ ﴾

(صٓادْ ، نُوٓنْ ، حَـامِيٓمْ ، طَاسِيٓمِّيٓمْ)

ئەندازەی مەددی پەیوەست

هەموو بەشەکانی مەددی پەیوەست (اللازم) بە ئەندازەی (٦) جووڵە درێژ دەکرێتەوە یان دەڵێین : بە ئەندازەی سێ هێندەی مەددی سروشتییە ، وەکو :

﴿ ٱلصَّآخَّةُ ﴾ ﴿ ٱلضَّآلِّينَ ﴾ ﴿ أَتُحَـٰٓجُّوٓنِّى ﴾ ﴿ ءَآلْـَٔـٰنَ ﴾

(صَٓادْ ، نُوٓنْ ، حَامِٓيمْ ، طَاسِٓيمِّٓيمْ)

الحروف المقطعة

في القرآن الكريم

٣٤٥

پیتە پچڕاوەکان
لەقورئانی پیرۆزدا

الْحُرُوفُ الْمُقَطَّعَةُ
فِي الْقُرْآنِ الْكَرِيمِ

الحروف المقطعة في كتاب الله عز وجل

ابتدأ اللهُ عزَّ وجلَّ (٢٩) سورةً في القرآنِ الكريمِ بحُروفٍ مُقطَّعةٍ اللهُ أعلمُ بمعناها ، حظُّنا منها :

١ - الإيمانُ أنَّها كلامُ اللهِ .

٢ - تلاوتُها كما وردتْ .

عددُ الحروفِ المقطَّعةِ في القرآنِ الكريمِ (١٤) حرفًا يجمعُها :

(نَصٌّ حكيمٌ قَطْعًا لَهُ سِرٌّ)

پیتە پچڕاوەکان لە قورئانی پیرۆزدا

خوای گەورە لە (٢٩) سورەتی قورئانی پیرۆزدا بە چەند پیتێکی پچڕاو دەستی پێکردووە ، کە هەر خودا بۆ خۆی زاناترە بەواتاکانی ، ئەوەی لەسەر ئێمە پێویستە :

١. بڕوامان وا بێت ئەوانە وتەی پیرۆزی خودای گەورەن .

٢. چۆن خوێندراوەتەوە (لە لایەن پێغەمبەری خوداوە ﷺ) ئاوا بخوێنرێتەوە .

ژمارەی پیتە پچڕاوەکان لە قورئانی پیرۆز دا (١٤) پیتە کە کۆکراوەتەوە لەم ڕستەیەدا :

(نَصٌّ حكيمٌ قَطْعًا لَـهُ سِـرٌّ)

المُدُودُ الوَاقِعَةُ فِي الحُرُوفِ المُقَطَّعَةِ

تُقسَمُ الحروفُ المُقطَّعةُ من حيثُ المدُّ الذي فيها إلىٰ أربعِ مجموعاتٍ :

١- أَلِفْ : ولا مَدَّ فيها ؛ لعدمِ وجودِ حرفِ مدٍّ .

٢- حروف (حَيٌّ طَهُرَ) : يُنطَقُ كلٌّ منها علىٰ حرفَين ثانيهِما حرفُ مَدٍّ ، ويُمَدُّ بمقدارِ حركتَين ، مدًّا طبيعيًّا هكذا :

(حَا ، يَا ، طَا ، هَا ، رَا)

ئەو مەددانەی لە پیتە پچڕاوەکاندا هەیە

پیتە پچڕاوەکان بە گوێرەی ئەو مەددانەی تیایاندان دەبن بە چوار کۆمەڵ :

١) أَلِفْ : مەددی تیا نییە ؛ چونک پیتی مەددی تیا نییە .

٢) پیتەکانی (حَىٌّ طَهُرَ) : کە هەریەکەیان بە دوو پیت دەخوێنرێتەوە کە دووەمیان پیتی مەددە ، بە ئەندازەی دوو جووڵە بە مەددێکی سروشتی درێژ دەکرێتەوە بەم شێوەیە : (حَا ، يَا ، طَا ، هَا ، رَا)

تَنْبِيهٌ (١)

يَقرأُ التالي للقرآنِ الكريمِ أسماءَ الحروفِ المقطَّعةِ لا الحروفَ نفسَها ، فمثلًا :

﴿ الٓمٓ ﴾	تُقرأُ هكذا ←	(أَلِفْ لَآمْ مِّيٓمْ)
﴿ كٓهيعٓصٓ ﴾	تُقرأُ هكذا ←	(كَآفْ هَا يَا عَيٓنْ صَآدْ)
﴿ نٓ ﴾	تُقرأُ هكذا ←	(نُوٓنْ)

ئاگادارکردنەوە (١)

قورئانخوێن پێویستە لەم پیتە پچڕاوانەدا **ناوی پیتەکان** بخوێنێتەوە نەک وێنەی پیتەکە خۆی ، بۆ نمونە :

﴿ الٓمٓ ﴾ ← بەم شێوەیە دەخوێنرێتەوە ← (أَلِفْ لاَمْ مِّيمْ)

﴿ كٓهيعٓصٓ ﴾ ← بەم شێوەیە دەخوێنرێتەوە ← (كَافْ هَا يَا عَيْنْ صَادْ)

﴿ نٓ ﴾ ← بەم شێوەیە دەخوێنرێتەوە ← (نُونْ)

تَنْبِيهٌ (٢)

علىٰ القارئِ أن يُطبِّقَ أحكامَ التجويدِ علىٰ الحروفِ المقطَّعةِ في القرآنِ الكريمِ فيُدغِمُ ويُخفي ويُقلقلُ ويُفخِّمُ ويُرقِّقُ ، نحو :

﴿الٓمٓ﴾ ← تُدغَمُ الميمُ في الميم ← (أَلِفْ لَآمْ مِّيمْ)

﴿طسٓمٓ﴾ ← تُدغَمُ النونُ في الميم ← (طَا سِينْ مِّيمْ)

﴿كٓهيعٓصٓ﴾ ← تُخفىٰ النونُ عندَ الصاد وتُقَلقَلُ الدالُ ← (كَآفْ هَا يَا عَيْنْ صَآدْ)

ئاگاداركردنەوە (٢)

پێویستە قورئانخوێن حوكمەكانی تەجوید جێبەجێ بكات لەسەر پیتە پچڕاوەكان لە قورئانی پیرۆزدا بەپێی ئەو شوێنانەی (تێهەڵكێش یا شاردنەوە یا قەلقەلە یا ناسك كردنەوە)ی تیا دروست دەبێت، وەكو :

﴿الٓمٓ﴾	تێهەڵكێشكردنی میم لەگەڵ میمدا	(أَلِفْ لاَمْ مِّيمْ)
﴿طسٓمٓ﴾	تێهەڵكێشكردنی نون لەگەڵ میمدا	(طَا سِيـنْ مِّيمْ)
﴿كٓهيعٓصٓ﴾	شاردنەوەی نون لە صاد و قەلقەلە كردنی دال	(كَآفْ هَا يَا عَيـْنْ صَآدْ)

خُلَاصَةُ الْبَحْثِ

الحرف	يُمَدُّ بمقدار	نوعُ المدِّ الذي فيه
(أَلِفْ)	٠	لا مَدَّ فيه
(حَيٌّ طَهُرَ)	٢	مَدٌّ طبيعيٌّ
(سَنَقُصُّ لَكُمْ)	٦	مَدٌّ لازمٌ
(عَيْنْ)	٤ أو ٦	مُلحقٌ بمدِّ اللِّين

پوختەی بابەتەکە

پیت	درێژکردنەوە بەئەندازەی	جۆری ئەو مەددەی تیایەتی
(أَلِفْ)	٠	مەددی تیا نییە
(حيٌّ طَهُرَ)	٢	مەددی سروشتییە
(سَنَقُصُ لَكُمْ)	٦	مەددی پەیوەستە
(عَيْنْ)	٤ یان ٦	پاشکۆیە بۆ مەددی لین

٨- المَدُّ العَارِضُ لِلسُّكُونِ

هو أنْ يأتيَ حرفُ المَدِّ وبعدَه حرفٌ ساكنٌ سكونًا عارضًا بسببِ الوقف

نحو : ﴿ ٱلْبَيَانْ ﴾ ﴿تَعْمَلُونْ ﴾ ﴿نَسْتَعِينْ ﴾

ويُمَدُّ العارضُ للسكونِ بمقدارِ : (٢) أو (٤) أو (٦) حركات .

والأَوْلىٰ للقارئِ أن يَقصُرَ العارضَ في الحَدْر ، ويُوسِّطَه في التدويرِ ويُطوِّلَه في التحقيق ، لِتتناسبَ القراءة .

وإذا ابتدأَ القارئُ تلاوتَه بأحدِ المقاديرِ الثلاثةِ السابقةِ للمدِّ العارضِ للسكونِ فعليه أن يَستمرَّ علىٰ ذلك المِقدارِ إلىٰ أن يُنهيَ تلاوتَه .

٨ مەددی توشهاتوو بەزەنە (ٱلْمَدُّ ٱلْعَارِضُ لِلسُّكُون)

بریتییە لەوەی کە پیتی مەد دێت وە دوای ئەو پیتێکی زەنەداربێت کە زەنەکەی کاتی یە و بەهۆی وەستانەوە دروست بووە ، وەکو : ﴿ٱلْبَيَانُ﴾ ﴿تَعْمَلُونَ﴾ ﴿نَسْتَعِينُ﴾

وە مەددی توشهاتوو بە زەنە بە ئەندازەی : (٢) یان (٤) یان (٦) جووڵە درێژدەکرێتەوە .

وە چاکتر وایە قورئانخوێن مەددی (عارض) بە کورت بخوێنێ (واتە دوو جووڵە) لە خوێندنەوەی خێرا (الحدر) دا ، وە بە مامناوەند (واتە چوار جووڵە) بخوێنێتەوە لە خوێندنی مامناوەند (التدویر)دا ، وە بە مەددی درێژ (واتە شەش جووڵە) بخوێنێتەوە لە خوێندنەوەی لەسەرخۆ (التحقیق)دا ، بۆ ئەوەی لەگەڵ خوێندنەکەی گونجاو بێت .

وەهەر کات قورئانخوێن دەستپێکردنی خوێندنەوەکە ی بە یەکێک لەو سێ ئەندازەیە بوو لە مەددی توشهاتوو بە زەنە (عارض للسکون)دا پێویستە تا کۆتایی خوێندنەوەکەی بەردەوام بێت لەسەر ئەو شێوەیە .

٩- مَدُّ اللِّينِ

هو أنْ يأتيَ حرفُ اللِّينِ وبعدَه حرفٌ ساكنٌ سكونًا عارضًا بسببِ الوقف ، نحو :

﴿ نَوْمٌ ﴾ ﴿ خَوْفٍ ﴾ ﴿ قُرَيْشٍ ﴾ ﴿ ٱلْبَيْتِ ﴾

ويُمَدُّ اللِّينُ بمقدارِ : (٢) أو (٤) أو (٦) حركات .

والأَوْلىٰ للقارئِ أن يَقصُرَ اللِّينَ في الحَدْرِ ، ويُوسِّطه في التدويرِ ، ويُطوِّله في التحقيق لِتتناسبَ القراءة .

تنبيه : إذا ابتدأَ القارئُ تلاوتَه بأحدِ المقاديرِ الثلاثةِ السابقةِ لمدِّ اللِّينِ فعليه أن يستمرَّ علىٰ ذلك المقدارِ إلىٰ أن يُنهيَ تلاوتَه .

٩ مەددی ئاسان (مَدُّ اللِّين)

بریتییە لەوەی کە پیتی (لین) دێت وە دوای ئەو پیتێکی زەنەداربێت کە زەنەکەی کاتییە و بەهۆی وەستانەوە دروست بووە ، وەکو : ﴿ نَوۡمٌ ﴾ ﴿ خَوۡفٍ ﴾ ﴿ قُرَيۡشٍ ﴾ ﴿ ٱلۡبَيۡتِ ﴾

وە مەددی ئاسان (لین) بە ئەندازەی : (٢) یان (٤) یان (٦) جووڵە درێژدەکرێتەوە .

وە چاکتر وایە قورئانخوێن مەددی (لین) بە کورت بخوێنێ (واتە دوو جووڵە) لە خوێندنەوەی خێرا (الحدر) دا ، وە بە مامناوەند (واتە چوار جووڵە) بخوێنێتەوە لە خوێندنی مامناوەند (التدویر)دا ، وە بە مەددی درێژ (واتە شەش جووڵە) بخوێنێتەوە لە خوێندنەوەی لەسەر خۆ (التحقیق)دا بۆ ئەوەی لەگەڵ خوێندنەکەی گونجاو بێت .

ئاگادارکردنەوە : هەر کات قورئانخوێن دەستپێکردنی بە یەکێک لەو سێ ئەندازەیە بوو لە مەددی (اللین) دا پێویستە تا تەواو دەبێت لە خوێندنەوەکەی بەردەوام بێت لەسەر ئەو شێوەیە .

اجتماعُ العارِضِ مع اللِّين

إذا اجتمعَ في التلاوةِ مدٌّ عارضٌ للسكون مع مدِّ لينٍ فيجبُ أنْ يكونَ مقدارُ اللِّينِ **مُساويًا أو أقلَّ** مِنَ العارض .

إذا مَدَّ القارئُ العارضَ	فإنَّه يَمُدُّ اللِّينَ
٢	٢
٤	٢ ، ٤
٦	٢ ، ٤ ، ٦

کۆبونەوەی مەددی توشهاتوو بە زەنە (العارض) لەگەڵ مەددی ئاسان (اللین)

ئەگەر لەکاتی خوێندنەوە دا مەددی (عارض) لەگەڵ مەددی (لین) کۆبویەوە پێویستە ئەندازەی مەددی (لین) وەک ئەندازەی مەددی (عارض) بێت یان کەمتر بێت .

ئەگەر مەددی (عارض)ی خوێند بە	مەددی (لین) دەخوێنێت بە
٢	٢
٤	٢ ٤
٦	٢، ٤، ٦

أخطاء تقع عند نطق أحرف المد

١ - تطويلُ زمنِ المَدِّ الطبيعيِّ زيادةً عن حَدِّه ، وخاصَّةً عندَ إنهاءِ التلاوةِ

نحو : ﴿ صُحُفِ إِبْرَٰهِيمَ وَمُوسَىٰ ﴾

٢ - تقصيرُ زمنِ المَدِّ الطبيعيِّ حتىٰ يتحوَّلَ المَدُّ إلىٰ حركةٍ منَ الحركاتِ الثلاث ، نحو : ﴿ قَالَا رَبَّنَا ﴾ ﴿ لَمَرْدُودُونَ ﴾ ﴿ سِنِينَ ﴾

٣ - تطويلُ مقاديرِ المدودِ (كالمتَّصلِ واللَّازمِ والعارضِ) عن حَدِّها المُقرَّرِ إلىٰ الإفراط ، وقد أكثرَ الأئمَّةُ من النَّهيِ عن ذلك .

ئەو هەڵانەی کە ڕوودەدەن لەکاتی دەبرینی پیتەکانی مەددا

١) دریژکردنەوەی ماوەی مەددی سروشتی زیاد لە سنوری خۆی ، بەتایبەتی لە کۆتایی خوێندنەوەدا ، وەکو : ﴿ صُحُفِ إِبْرَاهِيمَ وَمُوسَىٰ ﴾

٢) کورتکردنەوەی ماوەی مەددی سروشتی بەشێوەیەک مەددەکە بگۆڕێت بۆ یەکێک لە سێ جووڵەکان ، وەکو: ﴿ قَالَا رَبَّنَا ﴾ ﴿ لَمَرْدُودُونَ ﴾ ﴿ سِنِينَ ﴾

٣) دریژکردنەوەی ئەندازەی مەددەکان (وەکو : المتصل ، اللازم ، العارض) لە سنوری دیاریکراویان و زیادەڕۆیکردن ، کە پێشەوایانمان هۆشیاری زۆریان لە بارەی ئەمەوە داوە .

أَخطاءُ تقعُ عِندَ نطقِ أحرُفِ المدِّ

٤- ختمُ صوتِها **بهمزةٍ** عند الوَقف ، نحو :

﴿ غَفُورًا ﴾ ← تُقرأُ خطأً هكذا ← (غفُوراءْ)

﴿ تَعْدِلُواْ ﴾ ← تُقرأُ خطأً هكذا ← (تعْدِلوءْ)

﴿ نَسْقِى ﴾ ← تُقرأُ خطأً هكذا ← (نَسْقِيءْ)

٥- خلطُ صوتِها بشيءٍ من صَوتِ **الغُنَّة** ، نحو :

﴿ ٱلرَّحْمَٰنُ ﴾ ﴿ ٱلنَّاسِ ﴾ ﴿ تَعْمَلُونَ ﴾ ﴿ يُوقِنُونَ ﴾ ﴿ نَسْتَعِينُ ﴾ ﴿ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴾

ئەو هەڵانەی کە ڕوودەدەن لەکاتی دەبرینی پیتەکانی مەددا

٤) کۆتایی هێنانی دەنگەکە بە هەمزەیەک لە کاتی وەستاندا ، وەکو :

﴿ غَفُورًا ﴾	بەهەڵە خوێندنەوەکەی بەم شێوەیەیە	(غَفُورَاءْ)
﴿ تَعْدِلُوا۟ ﴾	بەهەڵە خوێندنەوەکەی بەم شێوەیەیە	(تَعْدِلُوءْ)
﴿ نَسْقِي ﴾	بەهەڵە خوێندنەوەکەی بەم شێوەیەیە	(نَسقِيءْ)

٥) تێکەڵکردنی دەنگەکەی بە بەشێک لە دەنگی مینگە ، وەکو :

﴿ ٱلرَّحْمَـٰنِ ﴾ ﴿ ٱلنَّاسِ ﴾ ﴿ تَعْمَلُونَ ﴾ ﴿ يُوقِنُونَ ﴾ ﴿ نَسْتَعِينُ ﴾ ﴿ ٱلْعَـٰلَمِينَ ﴾

قَاعِدَةُ أَقْوَى السَّبَبَيْنِ

یاسای بەهێزترینی دوو هۆکاری مەد

(قَاعِدةُ أَقْوَى السَّبَبَين)

مُقارنة بين أنواع المدود الفرعية

اللازم : هو المدُّ الذي أَجمعَ القرَّاءُ على مدِّه ، وأجمَعوا على مقدارِه ، وهو المدُّ اللازمُ الاصطلاحيُّ .

الواجب : هو المدُّ الذي أَجمعَ القرَّاءُ على مدِّه ، واختلَفوا في مقدارِه ، وهو المدُّ المتصل .

الجائز : هو المدُّ الذي اختلَف القرَّاءُ بينَ مدِّه وقَصْرِه ، واختلَفوا في مقدارِه ، وهو المدُّ المنفصل ، ومدُّ الصِّلةِ الكُبرى ، والمدُّ العارض للسكون ، ومدُّ اللِّين .

بەراوردێک لە نێوان جۆرەکانی مەددی لاوەکی (مَدُّ ٱلۡفَرۡعِیّ)

مەددی پەیوەست (اللازم) : بریتییە لەو مەددەی یەکدەنگی (قُرَّاء) هەیە لە سەر درێژ کردنەوەکەی ، وە یەکدەنگی هەیە لەسەر ئەندازەکەی ، ئەم مەددەیش بریتییە لە مەددی پەیوەست (اللازم).

مەددی پێویست (الواجب) : بریتییە لەو مەددەی یەکدەنگی (قُرَّاء) هەیە لە سەر درێژ کردنەوەکەی ، بەڵام جیاوازی هەیە لەسەر ئەندازەکەی ، ئەم مەددەیش بریتییە لە مەددی لکاو (المتصل) .

مەددی ڕێپێدراو (الجائز) : بریتییە لەو مەددەی جیاوازی (قُرَّاء) هەیە لە سەر درێژکردنەوە و کورت کردنەوەی ،وە جیاوازی هەیە لەسەر ئەندازەکەی ، ئەم مەددەیش بریتییە لە مەددی جیا(المنفصل) ،وە مەددی گەیاندنی گەورە (الصلة الکبری) ، وە مەددی توشهاتوو بە زەنە (العارض للسکون) ، وە مەدی ئاسان (اللین).

أقوى المدود

بناءً على ما تَقدَّمَ في اللَّوحةِ الماضيةِ فقد صنَّفَ أئمَّةُ القُرَّاءِ المدودَ الأقوىٰ فالأضعفَ كما يلي :

١ - اللَّازم : للإجماعِ علىٰ مَدِّه وعلىٰ مقدارِه .

٢ - فالمتصل : للإجماع علىٰ مَدِّه لا علىٰ مقدارِه .

٣ - فالعارض : لأنَّه مُدَّ بحملِهِ علىٰ اللَّازمِ كليًّا أو جزئيًّا .

٤ - فالمنفصل : لأنَّه مُدَّ بحملِهِ علىٰ المتصلِ كليًّا أو جزئيًّا .

٥ - فالبدل : وهو أضعفُها ؛ لأنَّه حالةٌ منَ المدِّ الطبيعيِّ .

بەهێزترینی مەددەکان

لەسەر ئەو بەراوردەی پێشوو پێشەوایانی (قُرَّاء) ڕیزبەندی مەددەکانیان لە بەهێزەوە بۆ لاواز بەم شێوەیە داناوە :

١) اللازم : لەبەر یەکدەنگی لەسەر درێژکردنەوەکەی وە ئەندازەکەی .

٢) المتصل : لەبەر یەکدەنگی لەسەر درێژکردنەوەکەی نەک ئەندازەکەی .

٣) العارض : چونکە درێژکردنەوەکەی وەکو -لازم- دانراوە هەمووی یان بەشێکی .

٤) المنفصل : چونکە درێژکردنەوەکەی وەکو -متصل- دانراوە هەمووی یان بەشێکی.

٥) البدل : لە هەموویان بێ هێزترە ، چونکە حاڵەتێکە لە سروشتی .

قَاعِدَةُ أَقْوَى السَّبَبَيْنِ

إذا اجتمعَ أكثرُ من سَببٍ علىٰ حرفِ مَدٍّ واحدٍ

أُعمِلَ السَّببُ الأقوَىٰ ، وأُهمِلَ الأَضعفُ .

فإنْ تساويا في القُوَّةِ أُعمِلا معًا .

یاسای بەهێزترینی دوو هۆکارەکەی مەد
(قَاعِدَةُ أَقْوَى السَّبَبَين)

ئەگەر زیاتر لە هۆکارێک کۆبونەوە لە سەر پیتێکی مەد کار بە یاسای بەهێزترین مەد دەکرێت ، وە بێهێزترینیان فەرامۆش دەکرێت .

بەڵام ئەگەر لە بەهێزیدا وەك یەك بوون کار بە هەردووکیان دەکرێت .

قَاعِدَةُ أَقْوَى السَّبَبَيْنِ

قَالَ العَلَّامَةُ المُقرِئُ إبْرَاهِيمُ عَلِيّ عَلِيّ شَحَاتَةَ السَّمَنُّودِيُّ رحمه الله تعالى

(ت ١٤٢٩ هـ)

(١) (٢) (٣) (٤) (٥)

أَقْوَى المُدُودِ : لَازِمٌ فَمَا اتَّصَلْ فَعَارِضٌ فَذُو انْفِصَالٍ فَبَدَلْ

وَسَبَبَا مَدٍّ إِذَا مَا وُجِدَا فَإِنَّ أَقْوَى السَّبَبَيْنِ انْفَرَدَا

یاسای بەهێزترینی دوو هۆکارەکەی مەد
(قَاعِدَةُ أَقْوَى السَّبَبَين)

زانای قورئانخوێن (إِبْرَاهِيمُ عَلِيّ عَلِيّ شَحَاتَةَ السَّمَنودِيُّ) له (١٤٢٩ ك مردووه) رەحمەتی خودای لێبێت ، دەفەرموێ :

١ ٢ ٣ ٤ ٥

أَقْوَى المُدُودِ : لَازِمٌ فَمَا اتَّصَلْ فَعَارِضٌ فَذُو انْفِصَالٍ فَبَدَلْ

بەهێزترینی مەددەکان : پەیوەستە پاشان لکاو پاشان توشهاتوو پاشان جیا پاشان لەجیاتی

وَسَبَبَا مَدٍّ إِذَا مَا وُجِدَا فَإِنَّ أَقْوَى السَّبَبَيْنِ انْفَرَدَا

وە ئەگەر دوو هۆکاری مەد پێکەوە بوون کامەی بە هێزە ئەویان دەمێنێتەوە

تَنْبِيهُ (١)

مَن مَدَّ العارضَ للسكونِ مِن القرَّاءِ بمِقدار :

حركتَين : لم يَعتَدَّ بالسكونِ العارض .

٤ حركات : اعتَدَّ بالسكونِ العارضِ اعتدادًا جزئيًّا .

٦ حركات : اعتَدَّ بالسكونِ العارضِ اعتدادًا كليًّا ، وحمَلَه على اللَّازم .

ئاگاداركردنەوە (١)

مەددی (عارض للسكون) ئەوەی لە (قُرَّاء) كە درێژكردنەوەی داوەتێ بە ئەندازەی :

دوو جووڵە : سكونە عارضەكە بەهەند وەرنەگیراوە .

چوار جووڵە : سكونە عارضەكە بەشێوەیەكی جوزئی بەهەند وەرگیراوە .

شەش جووڵە : سكونە عارضەكە بە تەواوی بەهەند وەرگیراوە ، وە لەسەر مەددی لازم هەژماری كردووە .

تَنْبِيهٌ (٢)

مَن مَدَّ المنفصِلَ مِن القرَّاءِ بمقدار :

حركتَين : لم يَعتَدَّ بمجيءِ الهمزِ في الكلمةِ الثانية .

أقلَّ من المتصل : اعتَدَّ بالهمزِ في الكلمةِ الثانيةِ اعتدادًا جُزئيًّا .

مساوٍ للمتصل : اعتَدَّ بالهمزِ في الكلمةِ الثانيةِ اعتدادًا كليًّا .

ئاگادارکردنەوە (٢)

مەددی (مُنفَصِل) ئەوەی لە (قُرَّاء) کە درێژکردنەوەی داوەتێ بە ئەندازەی :

دوو جووڵە : بۆ مەددەکە ئەو هەمزەیەی لەسەرەتای وشەی دووەمدا هاتووە بەهەند وەرنەگیراوە.

کەمتر لە (مُتَصِل) : بۆ مەددەکە ئەو هەمزەیەی لەسەرەتای وشەی دووەمدا هاتووە بە شێوەیەکی جوزئی بەهەند وەرگیراوە.

وەک (مُتَصِل) : بۆ مەددەکە ئەو هەمزەیەی لەسەرەتای وشەی دووەمدا هاتووە بەتەواوی بەهەند وەرگیراوە بۆ درێژکردنەوەی مەددەکە.

اجتماع اللازم والبدل

إذا اجتمعَ اللّازمُ والبدلُ على حرفِ مَدٍّ واحدٍ **أُعمِلَ اللّازمُ وأُهمِلَ البدَلُ**، عملًا بقاعدةِ أقوى السَّببَين نحو :

﴿ ءَآمِّينَ ﴾ ﴿ ءَآللَّهُ ﴾ ﴿ ءَآلْـَٰٔنَ ﴾ ﴿ ءَآلذَّكَرَيْنِ ﴾

کۆبونەوەی (مەددی لازم و مەددی بەدەل)

ئەگەر مەددی (لازم و بدل)لە سەر یەک پیتی مەد کۆبوونەوە ، کار بە مەددی (لازم)ەکە دەکرێت و مەددی (بدل)ەکە فەرامۆش دەکرێت ، وەک لە یاسای بەهێزترینی دوو هۆکاردا (قَاعِدَةُ أَقوَىٰ السَّبَبَين)دا هاتووە ، وەکو :

﴿ ءَآمِّينَ ﴾ ﴿ ءَآللَّهُ ﴾ ﴿ ءَآلۡـَٰٔنَ ﴾ ﴿ ءَآلذَّكَرَيۡنِ ﴾

اجتماعُ المتَّصِلِ والبَدَلِ

إذا اجتمعَ المتصلُ والبدلُ على حرفِ مَدٍّ واحدٍ أُعمِلَ المتصلُ وأُهمِلَ البدَلُ ، عملًا بقاعدةِ أقوى السببَين نحو :

﴿ رِئَآءَ ٱلنَّاسِ ﴾

کۆبونەوەی مەددی (مُتَصِل) و مەددی (بَدَل)

ئەگەر مەددی (متصل)و مەددی (بدل) لە سەر یەك پیتی مەد کۆبونەوە ، کار بەمەددی (متصل) دەکرێت، وە مەددی (بدل)وەکە فەرامۆش دەکرێت ، وەک لە یاسای بەهێزترینی دوو هۆکاردا (قَاعِدَةُ أَقوَىٰ السَّبَبَين)دا هاتووە ، وەکو :

﴿رِئَآءَ ٱلنَّاسِ﴾

اجْتِمَاعُ المُنفَصِلِ وَالبَدَلِ

إذا اجتمعَ المنفصلُ مع البدَلِ على حرفِ مَدٍّ واحدٍ أُعمِلَ السببُ الأقوىٰ ، وأُهمِلَ الأَضعفُ ، فإن تساويا في القوَّةِ أُعمِلا معًا ، نحو : ﴿ وَجَآءُوٓ أَبَاهُمْ ﴾ .

واللَّوحةُ التاليةُ تُوضِحُ ذلك :

کۆبونەوەی مەددی (مُنفَصِل) و مەددی (بَدَل)

ئەگەر مەددی (مُنفَصِل) و مەددی (بدل)لەسەر یەک پیتی مەد کۆبونەوە کار

بە (یاسای بەهێزترین) مەد دەکرێت ، وە بێهێزەکەیان فەرامۆش دەکرێت ،

بەڵام ئەگەر لە بەهێزیدا وەک یەک بوون کار بەهەردووکیان دەکرێت ، وەکو :

﴿وَجَآءُوٓ أَبَاهُمْ﴾

لەم تابلۆیەی کە دێت ئەم بابەتە ڕوونکراوەتەوە :

اجتماع المنفصل والبدل

المنفصل منفردًا	البدل منفردًا	عند الاجتماع	التعليل
٢	٢	٢	مدٌّ لهُ سببان
٤	٢	٤	اعتُدَّ بالمنفصل
٥	٢	٥	اعتُدَّ بالمنفصل

کۆبونەوەی مەددی (مُنفَصِل) و مەددی (بَدَل)

(مُنفَصِل) بەتەنها	(بَدَل) بەتەنها	لەکاتی کۆبوونەوە	هۆکارەکە
٢	٢	٢	مەددێکە دوو هۆکاری هەیە
٤	٢	٤	(مُنفَصِل) بەکارهاتووە
٥	٢	٥	(مُنفَصِل) بەکارهاتووە

اجتماع المتصل والعارض للسكون

إذا اجتمعَ المتصلُ والعارضُ للسكونِ على حرفِ مَدٍّ واحدٍ أُعمِلَ السببُ الأقوىٰ ، وأُهمِلَ الأَضعفُ فإن تساويا في القوَّةِ أُعمِلَا معًا ، نحو :

﴿ ٱلسَّمَآءِ ﴾ ﴿ ٱلسُّوٓءَ ﴾ ﴿ ٱلْمُسِيٓءُ ﴾

واللَّوحاتُ التاليةُ تُوضِحُ ذلك :

کۆبونەوەی مەددی (مُتَصِل) و مەددی (عَارِض لِلسُّكُون)

ئەگەر مەددی (متصل) و مەددی (عارض للسكون) لەسەر یەک پیتی مەد کۆبونەوە کار بە یاسای بەهێزترین مەد دەکرێت ، وە بێهێزەکەیان فەرامۆش دەکرێت ، بەڵام ئەگەر لە بەهێزیدا وەک یەك بوون کار بەهەردووکیان دەکرێت ، وەکو :

﴿ ٱلسَّمَآءِ ﴾ ﴿ ٱلسُّوٓءَ ﴾ ﴿ ٱلْمُسِيٓءُ ﴾

لەم تابلۆیانەی کە دێن ئەم بابەتە ڕوونکراوەتەوە :

اجتماع المتصل والعارض للسكون

المتصل منفردًا	العارض منفردًا	عند الاجتماع	التعليل
٤	٢	٤	أُهمِلَ السكون
٤	٤	٤	مَدٌّ لهُ سببان
٤	٦	٦	اعتُدَّ بالسكون

کۆبونەوەی مەددی (مُتَصِل) و مەددی (عَارِض لِلسُّکُون)

(مُتَصِل) بەتەنها	(عَارِض) بەتەنها	لەکاتی کۆبوونەوە	هۆکارەکە
٤	٢	٤	زەنەکە فەرامۆش کراوە
٤	٤	٤	مەددێکە دوو هۆکاری هەیە
٤	٦	٦	زەنەکە بەکارهاتووە

اجْتِمَاعُ الْمُتَّصِلِ وَالْعَارِضِ لِلسُّكُونِ

المتصل منفردًا	العارض منفردًا	عند الاجتماع	التعليل
٥	٢	٥	أُهمِلَ السكون
٥	٤	٥	أُهمِلَ السكون
٥	٦	٦	اعتُدَّ بالسكون

کۆبونەوەی مەددی (مُتَصِل) و مەددی (عَارِض لِلسُّکُون)

(مُتَصِل) بەتەنها	(عَارِض) بەتەنها	لەکاتی کۆبوونەوە	هۆکارەکە
٥	٢	٥	زەنەکە فەرامۆش کراوە
٥	٤	٥	زەنەکە فەرامۆش کراوە
٥	٦	٦	زەنەکە بەکارهاتووە

اجْتِمَاعُ الْمُتَّصِلِ وَالْعَارِضِ لِلسُّكُونِ

التعليل	عند الاجتماع	العارض منفردًا	المتصل منفردًا
أُهمِلَ السكون	٦	٢	٦
أُهمِلَ السكون	٦	٤	٦
مدٌّ لهُ سببان	٦	٦	٦

کۆبونەوەی مەددی (مُتَصِل) و مەددی (عَارِض لِلسُّكُون)

(مُتَصِل) بەتەنها	(عَارِض) بەتەنها	لەکاتی کۆبوونەوە	هۆکارەکە
٦	٢	٦	زەنەکە فەرامۆش کراوە
٦	٤	٦	زەنەکە فەرامۆش کراوە
٦	٦	٦	مەددێکە دوو هۆکاری هەیە

اجتماع المتصل والبدل والعارض للسكون

وذلكَ عندَ الوقفِ علىٰ نحوِ قولِه تعالىٰ :

﴿ رِئَآءَ ﴾

فيُهملُ البدلُ لضعفِه ، ويبقَىٰ المتصلُ والعارضُ للسكونِ

فيُطبَّقُ عليهما ما سبقَ من قواعد (ص ٣٧٠ وما بعدها).

کۆبونەوەی مەددی (مُتَصِل) و مەددی (بَدَل) و مەددی (عَارِض لِلسُّکُون)

ئەمەش لەکاتی وەستان لەسەر نمونەی وەکو ئەم وشەیە لە قورئانی پیرۆزدا :

﴿ رِئَآءَ ﴾

مەددی (بدل) فەرامۆش دەکرێت لەبەر لاوازییەکەی ، مەددی (متصل) و مەددی (عارض للسکون) دەمێننەوە ، ئەوانیش یاساکانی پێشویان لەسەر جێبەجێ دەکرێت (لاپەڕەی ٣٦٠ و دواتریش) .

اجْتِمَاعُ العَارِضِ للسُّكُونِ والبَدَلِ

إذا اجتمعَ العارضُ للسكونِ مع البدَلِ على حرفِ مَدٍّ واحدٍ أُعمِلَ السببُ **الأقوَى** ، وأُهمِلَ **الأَضعفُ** فإن **تساويا** في القوَّةِ أُعمِلا معًا ، نحو :

﴿ شَنَـَٔانُ ﴾ ﴿ يُرَآءُونَ ﴾ ﴿ خَـٰسِـِٔينَ ﴾

واللَّوحةُ التاليةُ تُوضِحُ ذلك :

کۆبونەوەی مەددی (عَارِض لِلسُّکُون) و مەددی (بَدَل)

ئەگەر مەددی (عارض للسکون) و مەددی (بدل) لەسەر یەک پیتی مەد کۆبونەوە کار بە یاسای بەهێزترین مەد دەکرێت ،وە بێهێزەکەیان فەرامۆش دەکرێت ، بەڵام ئەگەر لە بەهێزیدا وەک یەک بوون کار بەهەردووکیان دەکرێت و دەوترێت مەددەکە دوو هۆکاری هەیە ، وەکو :

﴿شَنَـَٔانُ﴾ ﴿يُرَآءُونَ﴾ ﴿خَـٰسِـِٔينَ﴾

ئەم تابلۆیەی خوارەوە کە دێت ئەم بابەتە ڕووندەکاتەوە:

اجتماع العارض للسكون والبدل

العارض منفردًا	البدل منفردًا	عند الاجتماع	التعليل
٢	٢	٢	مدٌّ لهُ سببان
٤	٢	٤	اعتُدَّ بالسكون
٦	٢	٦	اعتُدَّ بالسكون

کۆبونەوەی مەددی (عَارِض لِلسُّكُون) و مەددی (بَدَل)

(عَارِض) بەتەنها	(بَدَل) بەتەنها	لەکاتی کۆبوونەوە	هۆکارەکە
٢	٢	٢	مەددێکە دوو هۆکاری هەیە
٤	٢	٤	زەنەکە بەکارهاتووە
٦	٢	٦	زەنەکە بەکارهاتووە


إِتْمَامُ الحَرَكَاتِ

تەواو دەربڕینی جووڵەکان

(إِتْمَامُ الْحَرَكَات)


إِتْمَامُ الحَرَكَاتِ

١- يجبُ على القارئ أن **يفتحَ فمَه** عندَ النُّطقِ **بالحرفِ المفتوح** كهيئتِه عندَ النُّطقِ بالألف .




حرف مفتوح

تەواو دەربڕینی جوولەکان (إِتْمَامُ الْحَرَكَات)



١) پێویستە قورئانخوێن دەمی بکاتەوە لە کاتی وتنی پیتێکی (فەتحەدار)دا هەروەک چۆن پیتی (ئەلیف)دەردەبڕێت.


إتمام الحركات



٢- كما يجبُ عليه أن **يضُمَّ شفتَيهِ** عندَ النُّطقِ **بالحرف المضموم** كهيئتِهما عندَ النُّطقِ بالواو .



تەواو دەربڕینی جوولەکان (إِتْمَامُ الْحَرَكَات)



٢)وە پێویستە قورئانخوێن دوو لێوەکانی خڕ و کۆ بکاتەوە لە کاتی وتنی پیتێکی (ضەمەدار) دا هەروەک چۆن پیتی (واو) دەردەبڕێت .




إتمام الحركات



٣ - ويجبُ عليه أنْ يَخفِضَ فَكَّهُ السُّفليَّ ويرفعَ وسَطَ لسانِه عندَ النطقِ بالحرفِ المكسورِ كهيئتِه عندَ النُّطقِ بالياءِ .

تەواو دەربڕینی جوولەکان (إِتْمَامُ الْحَرَكَات)



٣) وە پێویستە قورئانخوێن **چەناگەی خوارەوە دابەزێنێت** و **ناوەڕاستی زوبان بەرزبکاتەوە** لە کاتی وتنی **پیتێکی (کەسرەدار)**دا هەروەک چۆن پیتی (یاء) دەردەبڕێت .


إتمام الحركات



٤- أمَّا الحرفُ الساكنُ فيَخرجُ من مخـرَجِـه الأصليِّ دونَ أنْ يُصاحبَه شيءٌ ممَّا سَبق .

تەواو دەربڕینی جوولّەکان (إِتْمَامُ الْحَرَكَات)

٤) بەڵام پیتی زەنەدار لە شوێنی بنەڕەتی خۆی دەردەچێت بە بێ ئەوەی هیچ جووڵەیەک لەوانەی پێشتر باسکران لەگەڵیدا بێت .



بۆ نموونە : فائی زەنەدار

تَنْبِيه

الضمَّةُ واوٌ قصيرة ، والفتحةُ ألفٌ قصيرة ، والكسرةُ ياءٌ قصيرة

لذا فإنَّ صوتَ الحركاتِ مطابقٌ لصوتِ أصولِها من حروفِ المدِّ

إلَّا أنَّه أقصرُ زمنًا .

فعند نُطقِ حرفٍ متحرِّكٍ نقومُ بعملَين :

١ - نُخرِجُ الحرفَ من مخرجِه الأصليِّ من غيرِ تطويلٍ زائدٍ لزَمنِه .

٢ - ويَتبعُ ذلكَ - مباشرةً - مخرجُ أصلِ الحركةِ .

ئاگادارکردنەوە

ضمە (واو)ێکی کورتە ، وە فەتحە (ئەلیف)ێکی کورتە ، وە کەسرە (یاء)ێکی کورتە ،

لەبەر ئەوە دەبێت دەنگی جووڵەکان لەگەڵ دەنگی بنەڕەتی پیتەکانی مەد وەک یەک

بن بەڵام ماوەکەیان کەمترە .

کەواتە لەکاتی وتنی پیتێکی جووڵەداردا دوو کار ئەنجام دەدەین :

١)پیتەکە لە دەرچەی بنەڕەتیەوە دەردەکەین بێ زیادە درێژکردنەوەیەک لە ماوەکەیدا .

٢)بە دوایدا-ڕاستەوخۆ - دەرچەی بنەڕەتی جووڵەکە دێت .

قَالَ العَلَّامَةُ الشَّيْخُ

أَحْمَدُ الطِّيبِيُّ رَحِمَهُ اللهُ تَعَالَى

(تُوُفِّي ٩٧٩ هـ)

فِي مَنظومته المُسَمَّاةِ

المُفِيدُ فِي التَّجْوِيدِ

زانای پایە بەرز

(أَحْمَدُ الطَّيبِيّ) ڕەحمەتی خوای لێبێت

(لە ساڵی ٩٧٩ ک مردووە)

لە کتێبەکەی کە بەهۆنراوە دایڕشتووە بە ناوی

المُفِيدَ فِي التَّجْوِيد

دەفەرموێت

وَكُـلُّ مَضْـمُوم فَلَنْ يَتِمَّـا إِلَّا بِضَـمِّ الشَّفَـتَيْـنِ ضَمًّـا

وَذُو انْـخِفَاضٍ بِانْخِفَاضٍ لِلْفَمِ يَتِمُّ ، وَالْمَفْتُوحُ بِالْفَتْـحِ افْهَمِ

إِذِ الْحُـرُوفُ إِنْ تَكُـنْ مُحَـرَّكَـهْ يَشْـرَكُهَا مَخْرَجُ أَصْلِ الْحَـرَكَـهْ

أَيْ مَخْرَجُ الْوَاوِ وَمَخْرَجُ الْأَلِـفْ وَالْيَاءُ فِي مَخْرَجِهَا الَّذِي عُرِفْ

فَـإِنْ تَرَ الْقَارِئَ لَـنْ تَنْطَبِـقَا شِـفَاهُهُ بِالضَّـمِّ كُنْ مُحَقِّـقَـا

بِأَنَّـهُ مُنْتَقِصٌ مَـا ضَـمَّـا وَالْـوَاجِبُ النُّطْـقُ بِـهِ مُتَـمَّـا

كَذَاكَ ذُو فَتْـحٍ وَذُو كَسْـرٍ يَجِـبْ إِتْمَامُ كُلٍّ مِنْهُمَا افْهَمْهُ تُصِـبْ

وَكُلُّ مَضْمُومٍ فَلَنْ يَتِمَّا ... إِلَّا بِضَمِّ الشَّفَتَيْنِ ضَمَّا

وَذُو انْخِفَاضٍ بِانْخِفَاضٍ لِلْفَمِ ... يَتِمُّ ، وَالْمَفْتُوحُ بِالْفَتْحِ افْهَمِ

إِذِ الْحُرُوفُ إِنْ تَكُنْ مُحَرَّكَهْ ... يَشْرَكُهَا مَخْرَجُ أَصْلِ الْحَرَكَهْ

أَيْ مَخْرَجُ الْوَاوِ وَمَخْرَجُ الْأَلِفْ ... وَالْيَاءُ فِي مَخْرَجِهَا الَّذِي عُرِفْ

فَإِنْ تَرَ الْقَارِئَ لَنْ تَنْطَبِقَا ... شِفَاهُهُ بِالضَّمِّ كُنْ مُحَقِّقَا

بِأَنَّهُ مُنْتَقِصٌ مَا ضَمَّا ... وَالْوَاجِبُ النُّطْقُ بِهِ مُتَمَّا

كَذَاكَ ذُو فَتْحٍ وَذُو كَسْرٍ يَجِبْ ... إِتْمَامُ كُلٍّ مِنْهُمَا افْهَمْهُ تُصِبْ

أَخْطَاءٌ تَقَعُ عِنْدَ نُطْقِ الْفَتْحَةِ

١ - خلطُ صوتِها بشيءٍ من صوتِ الكسرة ، نحو : ﴿ وَنَمَارِقُ ﴾

٢ - خلطُ صوتِها بشيءٍ من صوتِ الضمَّة ، نحو : ﴿ خَتَمَ ﴾ ﴿ قَدْ ﴾

٣- خلطُ صوتِها بالسكون ، وذلك بعدمِ فتحِ الفمِ بالمقدار المطلوب عندَ النُّطقِ بها ، نحو : ﴿ أَعُوذُ ﴾ ﴿ كَتَبَ ﴾

ئەو هەڵانەی ڕوودەدەن لەکاتی وتنی (فەتحە) دا

١) تێکەڵکردنی دەنگەکەی بە بەشێک لە دەنگی کەسرە ، وەکو : ﴿وَنَمَارِقُ﴾

٢) تێکەڵکردنی دەنگەکەی بە بەشێک لە دەنگی ضەمە ، وەکو : ﴿خَتَمَ﴾ ﴿قَدْ﴾

٣) تێکەڵکردنی دەنگەکەی بە زەنە ، ئەویش بەنەکردنەوەی دەم بەئەندازەی پێویست لەکاتی وتنیدا ، وەکو : ﴿أَعُوذُ﴾ ﴿كَتَبَ﴾

أخطاء تقع عند نطق الضمة

١ - خلطُ صوتِها بشيءٍ من صوتِ الفتحة ، نحو : ﴿ إِنَّكُمْ ﴾

٢ - خلطُ صوتِها بشيءٍ من صوتِ الكسرة ، نحو :

﴿ ءَابَآؤُكُمْ وَأَبْنَآؤُكُمْ وَإِخْوَٰنُكُمْ وَأَزْوَٰجُكُمْ وَعَشِيرَتُكُمْ ﴾

٣- خلطُ صوتِها بالسكون ، وذلك بسببِ عدمِ ضمِّ الشفتَينِ بالمقدارِ المطلوبِ عندَ النُّطقِ بها ، نحو : ﴿ نَعْبُدُ وَإِيَّاكَ ﴾

ئەو هەڵانەی ڕوودەدەن لەکاتی وتنی (ضەمە) دا

١) تێکەڵکردنی دەنگەکەی بە بەشێک لە دەنگی فەتحە ، وەکو : ﴿ إِنَّكُمْ ﴾

٢) تێکەڵکردنی دەنگەکەی بە بەشێک لە دەنگی کەسرە ، وەکو :

﴿ ءَابَآؤُكُمْ وَأَبْنَآؤُكُمْ وَإِخْوَانُكُمْ وَأَزْوَاجُكُمْ وَعَشِيرَتُكُمْ ﴾

٣) تێکەڵکردنی دەنگەکەی بە زەنە ، ئەویش بەخڕنەکردنەوە و کۆنەکردنەوەی لێوەکانە بەئەندازەی پێویست لەکاتی وتنیدا ، وەکو : ﴿ نَعْبُدُ وَإِيَّاكَ ﴾

أخطاءٌ تقعُ عندَ نطقِ الكسرةِ

١ - خلطُ صوتِها بشيءٍ من صوتِ الفتحة ، نحو : ﴿ بِهِۦ ﴾ ﴿ ٱلْمَغْرِبِ ﴾ .

٢- خلطُ صوتِها بالسكون ، وذلك بسببِ عدمِ رفعِ وسَطِ اللِّسانِ وعدمِ خفضِ الفكِّ السفليِّ بالمقدارِ المطلوبِ عندَ النُّطقِ بها ، نحو :

﴿ بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ ﴾ ﴿ ٱلصِّرَٰطَ ﴾

ئەو هەڵانەی ڕوودەدەن لەکاتی وتنی (کەسرە)دا

١) تێکەڵکردنی دەنگەکەی بە بەشێک لە دەنگی فەتحە ، وەکو :

﴿بِهِۦ﴾ ﴿ٱلۡمَغۡرِبِ﴾

٢) تێکەڵکردنی دەنگەکەی بە زەنە ، ئەویش بەهۆی بەرزنەکردنەوەی ناوەڕاستی زوبان و دانەبەزاندنی چەناگەی خوارەوە بەئەندازەی پێویست لە کاتی وتنیدا ، وەکو :

﴿بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾ ﴿ٱلصِّرَٰطَ﴾

السَّاكِنَانِ الْمُلْتَقِيَانِ فِي كَلِمَةٍ وَفِي كَلِمَتَيْنِ

بەیەکگەیشتنی دوو پیتی زەنەدار
لەیەک وشەو لە دوو وشەدا

السَّاكِنَانِ المُلْتَقِيَانِ فِي
كَلِمَةٍ وَفِي كَلِمَتَيْنِ

الْتِقَاءُ الْحَرْفَيْنِ السَّاكِنَيْنِ بِكَلِمَةٍ وَاحِدَةٍ فِي تِلَاوَةِ الْقُرْآنِ الْكَرِيمِ

يَصِحُّ الجمعُ بينَ حرفَين ساكنَين بكلمة واحدةٍ في حالتَين :

١- أنْ يكونَ الأَوَّلُ مِن الساكنَين حرفَ مدٍّ أو لِينٍ ، نحو :

﴿ ٱلضَّآلِّينَ ﴾ ﴿ أَتُحَٰٓجُّوٓنِّى ﴾

﴿ يٰسٓ ﴾ ﴿ نٓ ﴾ ﴿ عٓ ﴾

بەیەکگەیشتنی دوو پیتی زەنەدار لەیەک وشەدا لەکاتی خوێندنەوەی قورئانی پیرۆزدا

کۆبونەوەی دوو پیتی زەنەدار دروستە لەیەک وشەدا لە دوو حاڵەتدا :

١) پیتی یەکەم لەدوو زەنەدارەکە پیتی مەددی یان لین بێت ، وەکو :

﴿ٱلضَّآلِّينَ﴾ ﴿أَتُحَـٰٓجُّوٓنِّى﴾

﴿يَاسِٓينْ﴾ ﴿نُوٓنْ﴾ ﴿عَيٓنْ﴾

الْتِقَاءُ الْحَرْفَيْنِ السَّاكِنَيْنِ بِكَلِمَةٍ وَاحِدَةٍ فِي تِلَاوَةِ الْقُرْآنِ الْكَرِيمِ

٢- أنْ يكونَ سكونُ الحرفِ الثاني منهما عارضًا ، نحو :

﴿ ٱلْحِسَابِ ﴾ ﴿ تَعْمَلُونَ ﴾ ﴿ ٱلرَّحِيمِ ﴾

﴿ قُرَيْشٍ ﴾ ﴿ خَوْفٍ ﴾

﴿ مِنۢ بَعْدِ ﴾ ﴿ ٱلْقَدْرِ ﴾ ﴿ ٱلسُّحْتَ ﴾

بەیەکگەیشتنی دوو پیتی زەنەدار لەیەک وشەدا لەکاتی خوێندنەوەی قورئانی پیرۆزدا

٢) زەنەی پیتی دووەم توشبوو (عارض) بێت ، وەکو:

﴿ ٱلرَّحِيمِ ﴾ ﴿ تَعۡمَلُونَ ﴾ ﴿ ٱلۡحِسَابِ ﴾

﴿ قُرَيۡشٍ ﴾ ﴿ خَوۡفٍ ﴾

﴿ مِنۢ بَعۡدِ ﴾ ﴿ ٱلۡقَدۡرِ ﴾ ﴿ ٱلسُّحۡتَ ﴾

الْتِقَاءُ الحَرْفَيْنِ السَّاكِنَيْنِ فِي كَلِمَتَيْنِ

لا تجمعُ العربُ بينَ حرفَين ساكنَين في كلمتَين ، فإنْ وُجِدَ ذلكِ في كلامِهم **تَخَلَّصوا** منه بإحدى الطَّريقتَين الآتيتَين :

١- **بإسقاطِ الأوَّلِ** لفظًا إنْ كانَ **حرفَ مدٍّ** ، نحو :

﴿ وَقَالَا ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ ﴾ ﴿ وَإِذْ قَالُواْ ٱللَّهُمَّ ﴾ ﴿ أَفِى ٱللَّهِ شَكٌّ ﴾

بەیەکگەیشتنی دوو پیتی زەنەدار لە دوو وشەدا

عەرەب دوو پیتی زەنەدار لە دوو وشەدا کۆناکاتەوە ، ئەگەر ئەمە ڕوویدا لە قسەکانیاندا خۆیان لێ ڕزگارکردووە بەیەکێک لەم دوو ڕێگایە :

١) بە نەخوێندنەوەی پیتی یەکەم ئەگەر پیتی مەددی بوو ، وەکو :

﴿وَقَالَا ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ﴾ ﴿وَإِذْ قَالُوا۟ ٱللَّهُمَّ﴾ ﴿أَفِى ٱللَّهِ شَكٌّ﴾

الْتِقَاءُ الْحَرْفَيْنِ السَّاكِنَيْنِ فِي كَلِمَتَيْنِ

٢- **بتحريكِ الساكنِ الأوَّلِ** إنْ كان حرفًا صحيحًا أو حرفَ لينٍ ، أو تنوينًا

نحو : ﴿ مِنَ ٱللَّهِ ﴾ ﴿ عَلَيْكُمُ ٱلْقِتَالُ ﴾ ﴿ قُلِ ٱللَّهُمَّ ﴾

﴿ دَعَوُا ٱللَّهَ ﴾ ﴿ يَٰصَٰحِبَيِ ٱلسِّجْنِ ﴾

﴿ نُوحٌ ٱبْنَهُ ﴾ ← يُحرَّكُ التنوين ← (نوحُنِ ابْنَه)

﴿ طُوًى ٱذْهَبْ ﴾ ← يُحرَّكُ التنوين ← (طُوَنِ اذْهَبْ)

بەیەکگەیشتنی دوو پیتی زەنەدار لە دوو وشەدا

٢) بە جووڵە پێدانی زەنەی یەکەم ئەگەر پیتێکی (تەواو) یا (لین) ، یا (تەنوین) بوو ،

وەکو : ﴿مِنَ ٱللَّهِ﴾ ﴿عَلَيْكُمُ ٱلْقِتَالُ﴾ ﴿قُلِ ٱللَّهُمَّ﴾

﴿دَعَوُا ٱللَّهَ﴾ ﴿يَـٰصَـٰحِبَىِ ٱلسِّجْنِ﴾

﴿نُوحٌ ٱبْنَهُ﴾ — جووڵە پێدانی تەنوینەکە ← (نُوحُنِ ابْنَهُ)

﴿طُوًى ٱذْهَبْ﴾ — جووڵە پێدانی تەنوینەکە ← (طُوَنِ اذْهَبْ)

تَنْبِيه

الأصلُ في التخلُّصِ من التقاءِ الساكنَينِ مِن كلمتَينِ أن يُحرَّكَ الساكنُ الأوَّلُ **بالكسرِ**

نحو : ﴿قُلِ ٱللَّهُمَّ﴾ ، ﴿وَأَلَّوِ ٱسْتَقَـٰمُوا۟﴾ ، ﴿أَمِ ٱرْتَابُوٓا۟﴾ .

وقد يُخالَفُ هذا الأصلُ إمَّا :

١ - إلى **الفتح** ؛ لأنَّه أَخَفُّ الحركات ، نحو : ﴿ مِنَ ٱللَّهِ ﴾ ﴿الٓمٓ ۝١ ٱللَّهُ﴾ (*)

٢ - أو إلى **الضمّ** في ميمِ الجَمع ، نحو : ﴿عَلَيْكُمُ ٱلْقِتَالُ﴾ ﴿بِهِمُ ٱلْأَسْبَابُ﴾

٣ - أو **لِلمُجانَسة** ، نحو : ﴿ دَعَوُا۟ ٱللَّهَ ﴾ ﴿ يَـٰصَـٰحِبَىِ ٱلسِّجْنِ ﴾

(*) لِشرحِ كيفيَّةِ وَصْلِ ﴿الٓمٓ﴾ بلفظِ الجَلالةِ من أوَّلِ آلِ عِمرانَ انظر ص ٤١٤ .

ئاگاداركردنەوە

لە بنەڕەتدا بۆ خۆ ڕزگاركردن لە گەیشتنی دوو پیتی زەنەدار بەیەک لە دوو وشەدا ئەوەیە کە پیتی یەکەم کەسرەی پێبدرێت ، وەکو : ﴿قُلِ ٱللَّهُمَّ﴾ ﴿وَأَلَّوِ ٱسْتَقَـٰمُواْ﴾ ﴿أَمِ ٱرْتَابُوٓاْ﴾

بەڵام هەندێک جار ئەم یاسایە دەگۆڕێت یان :

١)بۆ فەتحە ؛ چونکە ئاسانترینی جووڵەکانە ، وەکو : ﴿مِنَ ٱللَّهِ﴾ ﴿الٓمٓ ۝١ ٱللَّهُ﴾(*)

٢)یان بۆ ضەمە لە (میم)ی کۆدا ، وەکو : ﴿عَلَيْكُمُ ٱلْقِتَالُ﴾ ﴿بِهِمُ ٱلْأَسْبَابُ﴾

٣) یان بۆ هاوڕەگەزی خۆی ، وەکو : ﴿دَعَوُا ٱللَّهَ﴾ ﴿يَـٰصَـٰحِبَيِ ٱلسِّجْنِ﴾

(*) بۆ شیکردنەوەی گەیاندنی ﴿الٓمٓ﴾ بە ناوی پیرۆزی ﴿ٱللَّهُ﴾ لە سەرەتای سورەتی (آلِ عِمران) تەماشایی (لاپەرە ٤٠٤) بکە .

أَبْحَاثٌ مُتَفَرِّقَةٌ

- تسهيلُ الهمزة
- الإمالة
- النَّبْر
- كلماتٌ قرآنيَّةٌ لها وضعٌ خاصٌّ علىٰ روايةِ حَفْص

چەند باسێکی جیاواز

- ئاسانکردنی هەمزە (تَسْهِيلُ الْهَمْزَةِ)
- لارکردنەوە (الْإِمَالَة)
- نە برە (النَّبْر)
- ئەو وشە قورئانیانەی شێوازێکی تایبەتیان هەیە لە خوێندنەوەی ڕیوایەتی ئیمامی (حفص)دا

تَسْهِيلُ الهَمْزَةِ

هو النُّطقُ بالهمزةِ المُسهَّلَة بينَ الهمزةِ المُحقَّقةِ وحرفِ المدِّ المُجانسِ لحركتِها .

وفي روايةِ حفصٍ **همزةٌ مفتوحةٌ مُسهَّلةٌ** وجهًا واحدًا ، وهي الهمزة الثانية من قولِه تعالىٰ في سورة فُصِّلَتْ (الآية ٤٤) :

﴿ ءَاعْجَمِيٌّ وَعَرَبِيٌّ ﴾

فيَلفِظُها القارئُ بينَ الهمزةِ المُحقَّقةِ والألف ، والمُشافَهةُ تُحْكِمُ ذلك .

ئاسانكردنی هەمزە (تَسْهِيلُ الْهَمْزَة)

بریتییە لە وتنی هەمزەی ئاسانكراو لەنێوان هەمزەیەكی تەواو و پیتی مەددی هاوڕەگەزی جووڵەكەی خۆی .

لە ڕیوایەتی (ئیمامی حەفص) دا هەمزەی فەتحەداری ئاسانكراو تەنها لەیەك شوێندا هەیە ، ئەویش هەمزەی دووەمە لە ئایەتی (٤٤)ی سورەتی (فصلت)دا :

﴿ ءَاعْجَمِيٌّ وَعَرَبِيٌّ ﴾

قورئانخوێن ئەم هەمزە ئاسانكراوە لە نێوان هەمزەیەكی تەواو و ئەلیف دا دەرببڕێت ، وە وتنەوەی بەدەم لای مامۆستا بڕیار لەسەر دروست فێربونی دەدات .

الأخطاء التي تقع عند نطق الهمزة المسهلة

يُمكنُ أن يقعَ القارئُ عندَ نُطقِ الهمزةِ المُسهَّلةِ بأحدِ الخَطأَينِ التاليَين :

١- **تحقيقُها** : أي نُطقُها همزةً خالصة ، هكذا : (ءَأَعْجَمِيٌّ) .

٢- **إبدالُها هاءً** ، هكذا : (أَهَعْجَمِيٌّ) .

أمَّا تحقيقُ الهمزةِ المُسهَّلةِ فصحيحٌ على بعضِ القراءات ، وأمَّا إبدالُها هاءً **فلا يَصِحُّ البَتَّةَ** ، وهو خطأٌ مَحضٌ .

ئەو هەڵانەی ڕوودەدەن لەکاتی وتنی هەمزەی ئاسانکراو

لەوانەیە قورئانخوێن لە کاتی دەربڕینی هەمزەی ئاسانکراو دا بکەوێتە یەکێک لەم دوو هەڵانە :

١) وتنی بە هەمزەیەکی تەواو : بەم شێوەیە : (ءَأَعۡجَمِيّٞ)

٢) گۆڕینی بە (هاء) ، بەم شێوەیە : (أَهَعۡجَمِيّٞ)

وتنی هەمزەیەکی تەواو دروستە لە هەندێک لە قیرائەتەکان ، بەڵام گۆڕینی بە (هاء) بەهیچ شێوەیەک دروست نییە ، وە هەڵەیەکی ڕوون وئاشکرایە .

فَائِدَة

علامةُ تسهيلِ الهمزةِ المفتوحةِ في ضبطِ المصحفِ وضعُ دائرةٍ صغيرةٍ مَطموسةِ الوسَطِ (●) فوقَ الألفِ ، هكذا :

﴿ ءَاۤعۡجَمِيٌّ وَعَرَبِيٌّ ﴾

سودێک

نیشانەی ئاسانکراوی هەمزەی فەتحەدار لە قورئانی پیرۆز دا دانانی بازنەیەکی بچوکی ناوپڕە (●) لەسەر (ئەلیف)ەکە ، بەم شێوەیە :

﴿ ءَاعۡجَمِيّٞ وَعَرَبِيّٞ ﴾

الإِمَالَةُ

الإمالة لغة : التعويجُ ، مِن : أَمَلتُ الرُّمحَ ونحوَه ، إذا عَوجتَه .

أو الانحناءُ مِن : أمالَ فلانٌ ظهرهُ : إذا أحناه .

واصطلاحًا : تقريبُ الفتحةِ مِن الكسرةِ ، والألفِ مِن الياءِ من غيرِ قلبٍ خالصٍ ولا إشباعٍ مبالغٍ فيه .

أو يُقال : هي النُّطقُ بالألفِ المُمالَةِ بينَ الألفِ والياءِ الصَّحيحتَين ، وتكونُ في روايةِ حَفصٍ في كلمةٍ واحدةٍ هي قولُه تعالىٰ : ﴿مَجْرِىٰهَا﴾ هود ٤١ .

لارکردنەوە (الْإِمَالَة)

(الإمالة) لە زمانەوانیدا بە واتای : لارکردنەوە یە ، ڕەمەکەم لارکردەوە کاتێک خوارم کردەوە ،یان چەمینەوە ، دەوترێت : فلانەکەس پشتی چەماندەوە ،کاتێک لار دەبێتەوە .

وە لە زاراوەدا : نزیکردنەوەی (فەتحە)یە لە (کەسرە) ، وە (ئەلیف)ە لە (یاء) بەبێ گۆڕینی تەواو یا زیادەڕۆیی کردن تیایدا .

یان وتراوە : بریتییە لە وتنی ئەلیفی لاربووەوە لە نێوان (ئەلیف)ێکی تەواو و (یاء)ێکی تەواو دا ، وە لە ڕیوایەتی (ئیمامی حەفص) دا تەنها لە یەک وشەدا هەیە ئەویش لە ئایەتی (٤١)ی سورەتی (هود)دا کەخوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ مَجْرٜىٰهَا ﴾

نوعا الإمالة

الإمالةُ عندَ القُرَّاءِ نوعان :

١ - كُبرىٰ : بينَ الألفِ والياءِ تمامًا




٢ - صُغرىٰ : بينَ الألفِ والياءِ ولكنَّها إلىٰ الألفِ أقربُ




وليسَ في روايةِ حفصٍ سِوىٰ الإمالةِ الكُبرىٰ في كلمة : ﴿مَجْرٖىٰهَا﴾ لا غير .

دوو جۆرە کەی ئیماله

ئیماله لای قورئانخوێنان دوو جۆرە .





وە لە ڕیوایەتی (ئیمامی حەفص)دا تەنها ئیمالەی گەورە هەیە ئەویش تەنها لە وشەی : ﴿مَجۡر۪ىٰهَا﴾

مُقارنةٌ بينَ وضعِ اللِّسانِ في الإمالتينِ والألفِ والياءِ



الألف
(اللّسانُ في وضعِ الرّاحة)



الإمالةُ الصُّغرىٰ
(ارتفاعٌ قليلٌ لوسطِ اللّسان)



الإمالةُ الكُبرىٰ
(ارتفاعٌ أكثرُ لوسطِ اللّسان)




الياء
(ارتفاعٌ كاملٌ لوسطِ اللّسان)


بەراوردێک لە نێوان دانانی زوبان لە هەردوو ئیمالەکەدا و لەنێوان ئەلیف و یاء دا




ئەلیف
(زوبان لە تەواوی ئیسراحەت دایە)



ئیمالەی بچوک
(کەمێک بەرزبونەوەی ناوەڕاستی زوبان)



ئیمالەی گەورە
(بەرزبونەوەی زیاتری ناوەڕاستی زوبان)



یاء
(بەرزبونەوەی تەواوی ناوەڕاستی زوبان)

فَائِدَة

يضعُ علماءُ الضَّبطِ دائرةً مَطموسةَ الوسَطِ (●) أو شكلَ المُعيَّنِ (◇) تحتَ الراءِ مع تجريدها مِن الفتحةِ في كلمةِ ﴿ مَجْرِىٰهَا ﴾ لِلدَّلالةِ على الإمالةِ فيها ، هكذا :

﴿ مَجْرِىٰهَا ﴾ ﴿ مَجْرِىٰهَا ﴾

سودێک

زانایانی بواری نوسینەوەی قورئانی پیرۆز بازنەیەکی ناوپڕ (●) یان شێوەی چوار پاڵویەکیان (◇) داناوە لە ژێر پیتی (ڕاء) لەگەڵ لابردنی فەتحەکەی لە وشەی ﴿مَجۡرٜىٰهَا﴾ دا وەک نیشانەیەک بۆ بونی ئیمالە ، بەم شێوەیە :



ٱلنَّبْرُ

النَّبْرُ لغةً : الهمزُ ، وشِدَّةُ الصِّياح .

وفي علمِ الأصواتِ : هو الضغطُ علىٰ مقطعٍ أو حرفٍ معيَّن بحيثُ يكونُ صوتُه أعلىٰ بقليلٍ ممَّا جاورَهُ من الحروف .

نەبرە (النَّبْرُ)

نەبرە لەزمانەوانیدا : بە توندی هاوار کردن .

وە لە زانستی دەنگەکاندا : بریتییە لە فشار خستنە سەر بڕگەیەک یان پیتێکی دیاریکراو بەشێوەیەک دەنگەکە کەمێک بەرز تربێت لە دەنگی پیتەکانی تەنیشتی .

النَّبرُ في تلاوةِ القرآنِ الكريمِ

والنَّبْرُ بحثٌ قديمٌ جديدٌ : قديمٌ في موضوعِه ، جديدٌ في تسميتِه وأسلوبِ عرضِه ،وقد ذكرَ عددًا مِن مسائلِه مكِّيُّ بنُ أبي طالبٍ القَيسِيُّ (ت ٤٣٧ هـ) في كتابه **الرعاية** في (باب المُشدَّدات) وما بعدَه ، وكذلك فعلَ عددٌ غيرُه من أئمَّةِ التجويدِ في مصنَّفاتِهم .

وقد تَتبَّعتُ مسائلَ النَّبْرِ **لِسببٍ لفظيٍّ** فيما وقعَ تحتَ يدَيَّ من تلكَ المصنَّفاتِ وممَّا تلقَّيتُه من شُيوخي الأجِلَّاء فإذا هي **خمسُ مسائلَ** وإليكَ بيانَها في اللَّوحاتِ التالية :

(نەبرە) لە خوێندنەوەی قورئانی پیرۆزدا

(نەبرە) باسێکی کۆن و نوێیە : لە ڕووی بابەتەوە کۆنە ، لە ڕووی ناو و شێوازی خستنەڕووی تازەیە ، وە مەککی کوڕی ئەبو طالیبی قەیسی (لە ٤٣٧ ک مردووە) لە کتێبی (الرعاية) دا لە بەشی توندکراوەکان (باب المشددات)دا و بەشەکانی دواتری ئەم کتێبە هەندێک لەم بابەتانەی باس کردووە ، وە هەروەها ژمارەیەکی تریش لە پێشەوایانی زانستی تەجوید لە کتێبەکانیاندا باسی ئەم بابەتەیان کردووە .

وە منیش بەدواداچوونم کردووە لەو کتێبانەی لە بەردەستمدان وە ئەوەیش لە مامۆستا بەڕێزەکانم وەرمگرتووە کە نەبرە لە پێنج بابەت دا هەیە کە لەم تابلۆیانەی خوارەوە بۆتان ڕووندەکەمەوە :

ٱلنَّبْرُ فِي تِلَاوَةِ ٱلْقُرْآنِ ٱلْكَرِيمِ

١- عند **الوقفِ علىٰ الحرفِ المشدَّد** ، نحو :

﴿ ٱلْحَيِّ ﴾ ﴿ وَبَثَّ ﴾ ﴿ مُسْتَقِرٌّ ﴾

لأنَّ الوقفَ سيكونُ علىٰ واحدٍ فقط من الحرف المشدَّدِ لتعذُّرِ نُطقِهما معًا ساكنَين ، وكأنَّه سقطَ من التلاوة حرفٌ ، فعُوِّضَ عن ذلك بالِانتقالِ من الحرفِ قبلَ الأخيرِ إلىٰ الأخيرِ بضغطٍ مُعيَّنٍ تَضبطُه المُشافَهة .

(نەبرە) لە خوێندنەوەی قورئانی پیرۆزدا

١) لەکاتی وەستان لەسەر پیتێکی توندکراو (مشدَّد)دا ، وەکو :

﴿ ٱلْحَيِّ ﴾ ﴿ وَبَثَّ ﴾ ﴿ مُسْتَقِرٌّ ﴾

چونکە وەستان تەنها لەسەر یەکێک لە پیتە توندکراوەکەیە ، لە بەرئەوەی ناتوانرێت هەردووکیان بەزەنەداری دەرببڕێت ، وەک ئەوە وایە لە خوێندنەوەدا پیتێک نەما بێت، لە قەرەبووی ئەوە دا فشارێک دەخەینە سەر پیتی پێش کۆتایی بەرەو پیتی کۆتایی کە ئەمەیش لە ڕێگەی وتنەوەی دەم بە دەم بەدروستی ئەنجام دەدرێت .

ٱلنَّبْرُ فِي تِلَاوَةِ ٱلْقُرْآنِ ٱلْكَرِيمِ

ويُستثنىٰ مِنَ الوقفِ علىٰ الحرفِ المشدَّد :

أوَّلًا : الوقفُ علىٰ النونِ والميم المُشدَّدتَين ، نحو :

﴿ وَلَٰكِنَّ ﴾ ﴿ جَآنٌّ ﴾ ﴿ فِي ٱلْيَمِّ ﴾

لعدمِ الحاجةِ إلىٰ النَّبْرِ فيهما ؛ لأنَّ الغُنَّةَ المُطَوَّلةَ وقفًا تُشعِرُ السامعَ بتشديدِ هذا الحرفِ وصلًا .

(نەبرە) لە خوێندنەوەی قورئانی پیرۆزدا

لەم شوێنانەدا وەستان بە نەبرە لەسەر پیتی توندکراو ڕونادات :

یەکەم : وەستان لەسەر نون و میمی توندکراو ، وەکو :

﴿فِي ٱلْيَمِّ﴾ ﴿جَآنٌّ﴾ ﴿وَلَٰكِنَّ﴾

چونکە لەم دوو شوێنەدا پێویست بە نەبرە ناکات تیایاندا ، چونکە مینگە درێژکراوەکە لەکاتی وەستاندا بیسەر حاڵی دەکات بەوەی کە ئەم پیتە لەکاتی گەیاندندا شەددەی هەیە .

ٱلنَّبْرُ فِي تِلَاوَةِ ٱلْقُرْآنِ ٱلْكَرِيمِ

ويُستثنَىٰ مِنَ الوقفِ علىٰ الحرفِ المشدَّد :

ثانيًا : الوقفُ علىٰ حرفِ القلقلةِ المُشدَّد ، نحو :

﴿ وَتَبَّ ﴾ ﴿ ٱلْحَقُّ ﴾

لأنَّ كِلا الحرفَين ظاهرٌ في النُّطق ؛ فالأوَّلُ منهما مُدغَم والثاني مُقَلقَل ، فلا حاجةَ إلىٰ النَّبرِ هنا .

(نەبرە) لە خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز دا

لەم شوێنانەدا وەستان بەنەبرە لەسەر پیتی توندکراو ڕونادات :

دووەم : وەستان لەسەر پیتێکی قەلقەلەی توندکراو ، وەکو :

﴿ وَتَبَّ ﴾ ﴿ ٱلْحَقُّ ﴾

چونکە هەردوو پیتەکە ئاشکران لەدەربڕیندا ، یەکەمیان تێکهەڵکێشکراوە و دوو

قەلقەلە کراوە ، هەربۆیە لێرەدا پێویست بە نەبرە ناکات .

ٱلنَّبْرُ فِي تِلَاوَةِ ٱلْقُرْآنِ ٱلْكَرِيمِ

٢- عندَ نُطقِ **الواوِ والياءِ المُشدَّدتَينِ** ، نحو :

﴿ ٱلْقُوَّةَ ﴾ ﴿ قَوَّٰمِينَ ﴾ ﴿ شَرْقِيًّا ﴾ ﴿ سَيَّارَةٌ ﴾ ﴿ حُيِّيتُمْ ﴾

٣- عندَ الِانتقالِ مِن **حرفِ مدٍّ** إلىٰ الحرفِ **الأوَّلِ مِنَ المُشَدَّدِ** ، نحو :

﴿ دَآبَّةٍ ﴾ ﴿ ٱلْحَآقَّةُ ﴾ ﴿ وَلَا ٱلضَّآلِّينَ ﴾

(نەبرە) لە خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز دا

٢) لەکاتی وتنی پیتی (واو) و (یاء) ی توندکراو ، وەکو :

﴿ ٱلْقُوَّةَ ﴾ ﴿ قَوَّٰمِينَ ﴾ ﴿ شَرْقِيًّا ﴾ ﴿ سَيَّارَةُ ﴾ ﴿ حُيِّيتُمْ ﴾

٣) لەکاتی گواستنەوەی دەنگ لە پیتێکی مەددەوە بۆ پیتی یەکەمی شەددەدارەکە ، وەکو :

﴿ دَآبَّةٍ ﴾ ﴿ ٱلْحَآقَّةُ ﴾ ﴿ وَلَا ٱلضَّآلِّينَ ﴾

ٱلنَّبرُ في تلاوةِ ٱلقرآنِ ٱلكريمِ

٤- عندَ الوقفِ علىٰ همزةٍ مسبوقةٍ بحرفِ مدٍّ أو لِين ، نحو :

﴿ ٱلسَّمَآءِ ﴾ ﴿ سُوٓءُ ﴾ ﴿ وَجِاْىٓءَ ﴾

﴿ شَىْءٍ ﴾ ﴿ ٱلسَّوْءِ ﴾

٤) لەکاتی وەستان لەسەر هەمزە کە لە پێشیەوە پیتی مەد یان لین هەبێت، وەکو :

﴿ ٱلسَّمَآءِ ﴾ ﴿ سُوٓءُ ﴾ ﴿ وَجِاْيٓءَ ﴾

﴿ شَيۡءٍ ﴾ ﴿ ٱلسَّوۡءِ ﴾

ٱلنَّبْرُ فِي تِلَاوَةِ ٱلْقُرْآنِ ٱلْكَرِيمِ

٥- عندَ سُقوطِ **ألفِ التثنيةِ** أو **واوِ الجماعةِ** للتخلُّصِ مِنَ التقاءِ الساكنَينِ

إذا التَبسَ نُطقُه بالمُفرَد ، وذلك في :

١ - ﴿ ذَاقَا ٱلشَّجَرَةَ ﴾ الأعراف ٢٢ . ٣ - ﴿ وَقَالَا ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ ﴾ النمل ١٥ .

٢ - ﴿ وَٱسْتَبَقَا ٱلْبَابَ ﴾ يوسف ٢٥ . ٤ - ﴿ وَصَٰلِحُ(*) ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴾ التحريم ٤ .

بخلافِ : ﴿ دَعَوَا ٱللَّهَ رَبَّهُمَا ﴾ الأعراف ١٨٩ ، لعدمِ التباسِه بالمُفرَد .

(*) علىٰ أنَّ أصلَها : (وَصَالِحُوا) انظر الهامش ص ٤٤٤ .

(نەبرە) لە خوێندنەوەی قورئانی پیرۆزدا

٥- لەکاتی لاچوونی ئەلیفی دووانە (الف التثنیە)یان واوی کۆ (واو الجماعة)بۆ خۆڕزگارکردن لە بەیەکگەیشتنی دوو زەنەدار ئەگەر لەکاتی دەربڕیندا وەك (مفرد) بوترێت ، ئەویش لە :

١- ﴿ ذَاقَا ٱلشَّجَرَةَ ﴾ الأعراف ٢٢

٢- ﴿ وَٱسۡتَبَقَا ٱلۡبَابَ ﴾ يوسف ٢٥

٣- ﴿ وَقَالَا ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ ﴾ النمل ١٥

٤- ﴿ وَصَٰلِحُ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ ﴾ (*) التحريم ٤

بەپێچەوانەی : ﴿ دَعَوَا ٱللَّهَ رَبَّهُمَا ﴾ الأعراف ١٨٩ ، چونکە تێکەڵی رونادات لەگەڵ (مفرد) دا.

(*) لەسەر ئەوەی لە بنەڕەتدا (وَصَالِحُوا) بوە ، تەماشای پەراوێزی پەڕەی (٤٣٤) بکە .

كَلِمَاتٌ قُرآنِيَّةٌ لَهَا وَضعٌ خَاصٌّ عَلَى رِوَايَةِ حَفصٍ

- حكمُ الصادِ في ﴿ وَيَبْصُۜطُ ﴾ وأخواتِها
- حكمُ ﴿ الٓمٓ ۝١ اللَّهُ ﴾ في سورةِ آل عِمران
- حكمُ ﴿ تَأْمَ۫نَّا ﴾ في سورةِ يوسُف
- حكمُ ﴿ فَمَآ ءَاتَىٰنِۦَ ﴾ في سورة النمل
- حكمُ ﴿ ضَعْفٍ ﴾ و ﴿ ضَعْفًا ﴾ في سورةِ الرُّوم

چەند وشەیەکی قورئانی کە تایبەتمەندی خۆی هەیە لە ڕیوایەتی (حفص) دا

١) حوکمی(صاد) لە ﴿وَيَبۡصُۜطُ﴾ و هاوشێوەکانی

٢) حوکمی ﴿الٓمٓ ۝١ ٱللَّهُ﴾ لە سورەتی (آلِ عِمۡرَانَ) دا لەکاتی گەیاندندا

٣) حوکمی ﴿تَأۡمَ۫نَّا﴾ لە سورەتی (يُوسُف) دا

٤) حوکمی ﴿فَمَآ ءَاتَىٰنِۦَ﴾ لە سورەتی (النَّمۡل) دا

٥) حوکمی ﴿ضَعۡفٍ﴾ و ﴿ضَعۡفًا﴾ لە سورەتی (الرُّوم) دا

حُكمُ الصَّادِ في «وَيَبْصُطُ» وَأَخَوَاتِهَا

في اللُّغةِ العربيَّةِ فِعلانِ : بَسَطَ وسَيْطَرَ ، ومن العربَ مَن يُفخِّمُ السينَ من هذَينِ الفعلَينِ لُمجاورتِها الطاءَ المُستعليةَ المُطبَقة ، فيقول : بَصَطَ وصَيْطَرَ وعلىٰ لهجةِ هذه القبائلِ كُتِبتْ في المصحفِ الشريفِ أربعُ كلماتٍ بالصادِ وقد رواها بعضُ القُرَّاءِ بالسينِ علىٰ الأصل ، وبعضُهم بالصادِ اتِّباعًا لرسمِ المصحفِ ومُوافَقةً لِلَهجةِ تلكَ القبائل ، ومذهبُ حفصٍ عن عاصمٍ من طريقِ الشاطبيَّةِ فيها كما يلي :

حوکمی صاد له ﴿وَيَبۡصُۜطُ﴾ و هاوشێوکانیدا

له زمانی عەرەبیدا دوو (فعل) هەیە : (بَسَطَ) و (سَيْطَرَ) ، لەناو عەرەبدا هەیە کە پیتی (سین)ەکە قەڵەو دەکات لەم دوو فرمانەدا لەبەر ئەوەی لە تەنیشت پیتی (طاء)ەوەن کە پیتێکی بەرزی لکاو (مستعلية ، مطبقة) دەڵێن : (بَصَطَ) و (صَيطَرَ) وە لەسەر شێوەزاری ئەم هۆزانە لە قورئانی پیرۆزدا چوار وشە بە (صاد) نوسراوە ، وە هەندێك لە قورئانخوێنەکان ڕیوایەتیان کردووە بە (سین) لەسەر بنەماکەی خۆی ، وە هەندێکیشیان ریوایەتیان کردووە بە (صاد) لەبەر ڕەنوسی قورئانی پیرۆز وە گونجان لەگەڵ شێوەزاری ئەو هۆزانە ، لە ڕیوایەتی ئیمام (حفص لە عاصم)ەوە لە ڕێگەی (شاطبی)یە وە بەم شێوەیەیە :

حُكمُ الصَّادِ في ﴿ وَيَبصُطُ ﴾ وَأخَواتِهَا

- قولُه تعالىٰ : ﴿ وَيَبۡصُۜطُ ﴾ في البقرة ٢٤٥ ، وقولُه : ﴿ بَصۜۡطَةٗ ﴾ في الأعراف ٦٩ ، روىٰ حفصٌ هاتَينِ الكلمتَينِ **بالسينِ** فقط .

- قولُه تعالىٰ : ﴿ ٱلۡمُصَۣيۡطِرُونَ ﴾ في الطُّور ٣٧ ، تُقرأُ **بالصادِ وبالسينِ** ولكنَّ النُّطقَ **بالصادِ أشهَر** .

- قولُه تعالىٰ : ﴿ بِمُصَيۡطِرٍ ﴾ في الغاشية ٢٢ ، تُقرأُ **بالصادِ** فقط .

حوكمی صاد له ﴿ وَيَبۡصُۜطُ ﴾ و هاوشێوكانی دا

- وشەی ﴿وَيَبۡصُۜطُ﴾ لە ئایەتی (٢٤٥) ی سورەتی (الۡبَقَرَة)و هەروەها وشەی ﴿بَصۜۡطَةً﴾ لە ئایەتی (٦٩)ی سورەتی (الۡأَعۡرَاف)دا ، ئیمامی حفص هەردوو وشەكەی تەنها بە (سین) ریوایەت كردووە .
- وشەی ﴿ ٱلۡمُصَۣيۡطِرُونَ ﴾ لە ئایەتی (٣٧) ی سورەتی (الطُّور) بە (صاد) و بە (سین) دەخوێنرێتەوە بەڵام خوێندنەوەی بە (صاد) مەشهورترە .
- وشەی ﴿ بِمُصَيۡطِرٍ ﴾ لە ئایەتی (٢٢) ی سورەتی (الۡغَاشِيَة)دا ، تەنها بە (صاد) دەخوێنرێتەوە .

حُكمُ ﴿ الٓمٓ ۝١ ٱللَّهُ ﴾ في سُورَةِ آلِ عِمرانَ

عندَ وصلِ ﴿ الٓمٓ ٱللَّهُ ﴾ يلتقي حرفانِ ساكنان ، أوَّلُهما **الميمُ** الأخيرةُ من هِجاءِ : (مِيمْ) وثانيهِما **اللَّامُ الأُولىٰ** من لفظِ الجَلالة ، هكذا : (أَلِفْ لَآم مِّيمْ ٱلْلَهُ)

فمنعًا لِالتقاءِ السَّاكنينِ **نُحَرِّكُ الميمَ بالفتحِ** ، فتُصبح :

(أَلِفْ لَآم مِّيمَ ٱلْلَهُ)

(يتبع)

حوکمی ﴿ الٓمٓ ۝١ ٱللَّهُ ﴾ لە سورەتی (آلِ عِمران) دا

لەکاتی گەیاندنی ﴿ الٓمٓ ٱللَّهُ ﴾ دوو پیتی زەنەدار بەیەکدەگات ، یەکەمیان (میم)ی کۆتایی پیتی (مِیمْ)ەو دووەمیان (لام)ی یەکەمە لە ناوی پیرۆزی (ٱللَّهُ) بەم شێوەیە :

(أَلِفْ لاَم مِّيمْ اَلْلَّهُ)

جا بۆ ڕێگرتن لە ڕودانی گەیشتنی دوو زەنەدار بەیەکتری (إِلْتِقَاءُ السَّاكِنَيْنْ) جووڵەی فەتحە دەدەین بە (میم) و بەم شێوەیەی لێدێت :

(أَلِفْ لاَم مِّيمَ اَلْلَّهُ)

(ماویەتی)

حكم ﴿ الٓمٓ ۝١ اللَّهُ ﴾ في سورة آل عمران

فحينئذٍ يجوزُ في الياءِ المدِّيَّةِ قبلَ الميمِ وجهان :

الأوَّلُ : **مَدُّها** (٦) حركاتٍ مدًّا لازمًا علىٰ عدمِ الاعتدادِ بالحركةِ العارضة .

(أَلِفْ لَآم مِّيمَ اللَّهُ)

الثاني : **قصرُها** بمقدارِ **حركتَين** لِزوالِ السببِ المُوجبِ للمَدِّ .

(أَلِفْ لَآم مِّيمَ اللَّهُ)

حوکمی ﴿ الٓمٓ ۝١ ٱللَّهُ ﴾ له سوره‌تی (آلِ عِمران) دا

لەم کاتەدا (یاء) ی پێش (میم)ەکە دوو شێوازی هەیە :

یەکەم : درێژکردنەوەی به (٦) جووڵه به‌مه‌دێکی پەیوەست (لازم) بەوەی جووڵه توشبووەکە بەهەند وەرنەگیراوە .

(أَلِفۡ لَآمۡ مِّيمَ ٱللَّـٰهُ) ٦

دووەم : کورتکردنەوەی به ئەندازەی دوو جووڵه ، چونکه هۆکاری بونی مەد نەماوە .

(أَلِفۡ لَآمۡ مِّيمَ ٱللَّـٰهُ) ٢

حُكمُ ﴿ تَأْمَنَّا ﴾ في سُورَةِ يُوسُفَ

وذلك في قوله تعالىٰ : ﴿مَا لَكَ لَا تَأْمَنَّا عَلَىٰ يُوسُفَ﴾ يوسف ١١ :

١- أصلُها (تَأْمَنُنَا) وهي فعلٌ مضارعٌ مرفوع .

٢- اُستُثقِلَ توالي **ثلاثةِ أَحرفِ غُنَّةٍ متحرِّكة** ، وتُخُلِّصَ من ذلك الثِّقَلِ بإحدىٰ طريقتَين :

حوکمی ﴿تَأْمَنَّا﴾ لە سورەتی یوسف دا

کەلەئایەتی (١١) ی سورەتی (یُوسُفَ)دا هاتووە :

﴿مَالَكَ لَا تَأْمَنَّا عَلَىٰ يُوسُفَ﴾ يُوسُفَ ١١

١) لە بنەڕەت دا (تَأْمَنُنَا) یە کە (فعلٌ مُضَارِعٌ مَرفُوع).

٢) بەدواییەکدا هاتنی سێ پیتی مینگەی جووڵاو قورسە ، بۆ خۆڕزگار کردن لەم قورسی یە بەیەکێک لەم دوو ڕێگایە دەبێت :

حكمُ ﴿ تَأْمَنَّا ﴾ في سُورَةِ يُوسُفَ

١- **الرَّوْم** : ﴿ تَأْمَنُنَا ﴾ وذلكَ بإبقاءِ ضمَّةِ النُّونِ الأُولَىٰ ، **وخفضِ صوتِها قليلًا** مع **سُرعةٍ** بالنسبةِ لِما جاورَها مِنَ الحروف .

٢- **الإشمام** : وذلكَ بتسكينِ النونِ الأُولَىٰ وإدغامِها في الثانية ، مع ضمِّ الشفتَينِ **مِن غيرِ صوتٍ** بُعَيدَ البَدء بنُطقِ النونِ المُدغَمةِ ومُقارِنًا لِلغُنَّةِ المُطوَّلةِ .

حوکمی ﴿ تَأۡمَنَّا ﴾ له سوورەتی یوسف دا

١) بە (ڕەوم) : ﴿ تَأۡمَنُنَا ﴾ ئەویش بەهێشتنەوەی (ضەمە)ی پیتی (نون)ی یەکەم، وە دابەزاندنی کەمێکی دەنگەکەی لەگەڵ خێراییەك کە لە پیتەکانی ئەملاولای جیا بێت.

٢) بە (ئیشمام) : ئەویش بە زەنەدارکردنی (نون)ی یەکەم وە تێهەڵکێشکردنی لە دووەمدا ، لەگەڵ خڕکردنەوەی لێوەکان بەبێ دەرچونی دەنگ ، کەمێک لەدوای دەربڕینی (نون)ە تێهەڵکێشراوەکە کە هاوکات بێت لەگەڵ درێژی مینگەکەیدا .

فَائِدَة

يضعُ علماءُ الضَّبطِ **دائرةً** مَطموسةَ الوسَطِ (●) أو شكلَ المُعيَّنِ (◇) قبلَ النونِ من كلمةِ (تَأْمَنَّا) لِلدَّلالةِ على **الإشمامِ** فيها ، هكذا :

﴿ تَأْمَ●نَّا ﴾ ﴿ تَأْمَ◇نَّا ﴾

سودێك

زانایان بازنەیەکی ناوپڕ (●) یان شێوەیەکی چوار پاڵو یان (◇) داناوە لە پێش (نون)ی وشەی (تَأْمَنَّا) وەک نیشانەیەک بۆ هەبونی (ئیشمام) ، بەم شێوەیە :

﴿تَأْمَنَّا﴾ ﴿تَأْمَنَّا﴾

حكمُ ﴿ فَمَآ ءَاتَىٰنِ ۦ ﴾ في سورةِ النَّملِ

قرأ حفصٌ قولَه تعالىٰ : ﴿ فَمَآ ءَاتَىٰنِ ۦ ٱللَّهُ ﴾ في سورةِ النَّملِ (٣٦) بِياءٍ مفتوحةٍ في آخرِه وَصلًا .

ولهُ في الوَقفِ وَجهان :

١- إثباتُ الياءِ ساكنةً : ﴿ فَمَآ ءَاتَىٰنِ ۦ ﴾ .

٢- حذفُها والوَقفُ علىٰ النُّون (بالسكونِ أو بالرَّوم) : ﴿ فَمَآ ءَاتَىٰنِ ﴾ .

حوکمی ﴿فَمَآ ءَاتَىٰنِۦَ﴾ لە سورەتی (النمل) دا

ئیمامی حەفص ﴿فَمَآ ءَاتَىٰنِۦَ ٱللَّهُ﴾ لە (ئایەتی ٣٦ لە سورەتی النمل) دا بە (یاء)ێکی فەتحەدار خوێندوٚتەوە لە کاتی گەیاندندا .

وە لە وەستاندا دوو شێوەی هەیە :

١) جێگیرکردنی (یاء) بەزەنەداری : ﴿فَمَآ ءَاتَىٰنِۦَ﴾

٢) لابردنی (یاء) و وەستان لە سەر (نون) بە (زەنە یان بە ڕەوم) : ﴿فَمَآ ءَاتَىٰنِ﴾

حكمُ ﴿ضعفٍ﴾ و ﴿ضعفًا﴾ في سورةِ الرُّومِ

روىٰ حفصٌ كلمتَي : ﴿ضَعْفٍ﴾ و ﴿ضَعْفًا﴾ في الرُّومِ (٥٤) **بفتحِ الضَّادِ وضمِّها** ، هكذا :

﴿ ٱللَّهُ ٱلَّذِى خَلَقَكُم مِّن ضُعْفٍ ثُمَّ جَعَلَ مِنۢ بَعْدِ ضُعْفٍ قُوَّةً ثُمَّ جَعَلَ مِنۢ بَعْدِ قُوَّةٍ ضُعْفًا وَشَيْبَةً ﴾

وقد **ضُبِطتْ** هاتانِ الكلمتانِ في المصحفِ الشريفِ **بالفتحِ** ، وأُشِيرَ إلىٰ وجهِ الضمِّ في التنبيهاتِ آخرَه .

حوکمی ﴿ضَعۡفٍ﴾ وە ﴿ضَعۡفًا﴾ لە سورەتی (الرُّوم) دا

ئیمامی حەفص هەردوو وشەی ﴿ضَعۡفٍ﴾ و ﴿ضَعۡفًا﴾ لە (ئایەتی (٥٤) لە سورەتی (الرُّوم) دا ڕیوایەت کردووە بە (فەتحە) وە (ضەمە)ی (ضاد)ەکە ، بەم شێوەیە :

﴿ٱللَّهُ ٱلَّذِى خَلَقَكُم مِّن ضُعۡفٍ ثُمَّ جَعَلَ مِنۢ بَعۡدِ ضُعۡفٍ قُوَّةً ثُمَّ جَعَلَ مِنۢ بَعۡدِ قُوَّةٍ ضُعۡفًا وَشَيۡبَةً﴾

هەردوو وشەکە لە قورئانی پیرۆزدا بە (فەتحە) نوسراوە ، وە لە ئاگاداری یەکاندا لەکۆتایی هەندێک (مصحف) دا ئاماژە دراوە بەدروستی (ضەمە) .

الوقف والابتداء

وەستان ودەست پێکردن

(الْوَقْفُ وَٱلاِبْتِدَاء)

الوَقْفُ

١ - علمُ الوَقفِ والابتداءِ وفائدةُ معرفتِه

٢- تعريفُ الوَقف

٣ - أنواعُ الوَقف

٤ - قاعدتانِ في الوقف

٥ - تنبيهات

٦ - علاماتُ الوقفِ في المصحف

٧ - قاعدةُ حفصٍ في الوَقفِ الاختياريِّ أو الاضطراريِّ

٨ - أمثلةٌ على الوقفِ الاختياريِّ أو الاضطراريِّ

٩ - مُقارَنةٌ بينَ الوَقفِ والسَّكتِ والقطع

١٠ - السكَتاتُ الواجبةُ عندَ حفصٍ من طريقِ الشاطبية

١١ - السكتتانِ الجائزتان

١٢ - الأوجُه الجائزةُ بين سورتي الأنفال والتَّوبة

١٣ - علامةُ السَّكتِ في المصحف

وەستان (الْوَقْف)

١- زانستی وەستان و دەستپێکردن و سودی زانینەکەی
٢- پێناسەی وەستان
٣- جۆرەکانی وەستان
٤- دوو یاسا لە وەستاندا
٥- چەند ئاگادارکردنەوەیەك
٦- نیشانەکانی وەستان لە قورئاندا
٧- یاسای حفص لە وەستانی تاقیکاری یان ناچاری
٨- چەند نمونەیەك لەسەر وەستانی تاقیکاری یان ناچاری
٩- بەراوردێك لە نێوان وەستان و سەکت وپچڕان
١٠- سەکتە واجبەکان لای حفص لە ڕێگەی شاطبیەوە
١١- دوو سەکتە درووستەکە
١٢-ئەو شێوازانەی دروستن لە نێوان سورەتی (الانفال) و (التوبة
١٣- نیشانەی سەکت لە قورئاندا

عِلْمُ الوَقْفِ وَالابْتِدَاءِ وَفَائِدَةُ مَعْرِفَتِهِ

هو عِلمٌ بقواعدَ يُعرَفُ بها مَحالُّ الوقفِ ومَحالُّ الِابتداءِ في القُرآن الكريم ، ما يَصِحُّ منها وما لا يَصِحُّ .

وفائدتُه : صَوْنُ النَّصِّ القُرآنيِّ مِن أنْ تُنسَبَ فيه كلمةٌ إلىٰ غيرِ جُملتِها ، فيَفسُدَ المبنىٰ ويَتغيَّرَ المعنىٰ ، وكذا صيانتُه عن تقطيعِ المعاني المُترابطة .

زانستی وەستان و دەستپێکردن و سودی زانینەکەی

بریتییە لە زانیاری بە چەند بنچینە و یاسایەک کە بە هۆیەوە شوێنی وەستان و شوێنی دەستپێکردن لە قورئانی پیرۆز دا دەزانرێت ، وەهەروەها کامە دروستەو کامە دروست نیە .

سودەکەی : پاراستنی دەقی قورئانە لەوەی وشەیەک بدریتە پاڵ ڕستەیەک کە هی خۆی نەبێت ،کە پێکهاتە و واتاکەیشی بگۆڕێت ، وەپاراستنی ئەو واتایانەی پەیوەستن بەیەکەوە .


تَعرِيفُ الوَقفِ

هو قطعُ الصَّوتِ علىٰ كلمةٍ قرآنيةٍ بزمنٍ يُتَنَفَّسُ فيه عادةً ، بِنيَّةِ استئنافِ القراءةِ .

پێناسەی وەستان

بریتییە لە بڕینی دەنگ لەسەر وشەیەکی قورئانی پیرۆز بۆ ماوەیەک کە هەناسەی تیادا دەدرێت ، بە نیەتی دەستپێکردنەوەی قورئانخوێندن .

أَنْوَاعُ الوَقْفِ



جۆرەکانی وەستان



الوَقفُ التَّامُّ

هو الوقفُ علىٰ كلمةٍ قرآنيةٍ ليس بينَها وبينَ ما بعدَها تعلُّقٌ لفظيٌّ (إعرابيٌّ) ولا معنويٌّ ، يُوقَفُ عليه ، ويُبتَدأُ بما بعدَه ، نحو :

﴿ أُوْلَـٰٓئِكَ عَلَىٰ هُدًى مِّن رَّبِّهِمْۖ وَأُوْلَـٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُفْلِحُونَ ٥ إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ سَوَآءٌ عَلَيْهِمْ ءَأَنذَرْتَهُمْ أَمْ لَمْ تُنذِرْهُمْ لَا يُؤْمِنُونَ ﴾

وەستانی تەواو (اَلۡوَقۡفُ التَّامُّ)

بریتییە لەوەستان لەسەر وشەیەکی قورئانی پیرۆز کە لە نێوان خۆی و دوای خۆیدا هیچ پەیوەندییەکی (ڕێزمانی) و مانایی نەبێت ،لەسەری دەوەستێت ، و پاشان لە دوای ئەو شوێنەی تیایدا وەستاوە دەست پێدەکرێتەوە ، وەکو :

﴿ أُوْلَٰٓئِكَ عَلَىٰ هُدٗى مِّن رَّبِّهِمۡۖ وَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡمُفۡلِحُونَ ٥

إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ سَوَآءٌ عَلَيۡهِمۡ ءَأَنذَرۡتَهُمۡ أَمۡ لَمۡ تُنذِرۡهُمۡ لَا يُؤۡمِنُونَ ﴾

الوَقفُ الكَافِي

هو الوقفُ على كلمةٍ قرآنيةٍ بينَها وبينَ ما بعدَها تعلُّقٌ معنويٌّ لا لفظيٌّ (إعرابيٌّ) يُوقَفُ عليه ، ويُبتَدأُ بما بعدَه ، نحـو :

﴿ سَوَآءٌ عَلَيۡهِمۡ ءَأَنذَرۡتَهُمۡ أَمۡ لَمۡ تُنذِرۡهُمۡ لَا يُؤۡمِنُونَ ٦ خَتَمَ ٱللَّهُ عَلَىٰ قُلُوبِهِمۡ وَعَلَىٰ سَمۡعِهِمۡ ﴾

وەستانی کافی (الْوَقْفُ الكَافِي)

بریتییە لەوەستان لەسەر وشەیەکی قورئانی پیرۆز کە لە نێوان خۆي و دوای خۆی پەیوەندی مانایی هەبێت نەک پەیوەندی (ڕێزمانی) ، لەسەری دەوەستێت ، و پاشان لەدوای خۆی دەستپێدەکرێتەوە ، وەکو :

﴿سَوَآءٌ عَلَيۡهِمۡ ءَأَنذَرۡتَهُمۡ أَمۡ لَمۡ تُنذِرۡهُمۡ لَا يُؤۡمِنُونَ ۝٦ خَتَمَ ٱللَّهُ عَلَىٰ قُلُوبِهِمۡ وَعَلَىٰ سَمۡعِهِمۡ﴾

الوَقفُ الحَسَنُ

هو الوقفُ على كلمةٍ قرآنيةٍ بينَها وبينَ ما بعدَها تعلُّقٌ لفظيٌّ ومعنويٌّ إلَّا أنَّ الوقفَ عليها يُعطي معنًى تامًّا ، يُوقَفُ عليه ولا يُبتَدأُ بما بعدَه ، إلَّا أنْ يكونَ رأسَ آية ، نحو :

﴿ بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ ﴾ ﴿ ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ﴾

﴿ كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ ٱللَّهُ لَكُمُ ٱلۡأٓيَٰتِ لَعَلَّكُمۡ تَتَفَكَّرُونَ ٢١٩ فِي ٱلدُّنۡيَا وَٱلۡأٓخِرَةِ ﴾

﴿ وَإِنَّكُمۡ لَتَمُرُّونَ عَلَيۡهِم مُّصۡبِحِينَ ١٣٧ وَبِٱلَّيۡلِۚ أَفَلَا تَعۡقِلُونَ ﴾

وەستانی باش (اَلْوَقْفُ الحَسَنُ)

بریتییە لە وەستان لەسەر وشەیەکی قورئانی پیرۆز کە لە نێوان خۆی و دوای خۆیدا پەیوەندی هەیە لە ڕووی (ڕێزمانی) و (مانا)یشەوە بەڵام وەستان لەسەری مانایەکی تەواو دەبەخشێت ، لەسەری دەوەستێت بەڵام بەدوای خۆی دەست پێناکرێتەوە ، مەگەر سەری ئایەت بێت ،وەکو :

﴿بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾ ﴿ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ﴾

﴿كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ ٱللَّهُ لَكُمُ ٱلۡأٓيَٰتِ لَعَلَّكُمۡ تَتَفَكَّرُونَ ٢١٩ فِي ٱلدُّنۡيَا وَٱلۡأٓخِرَةِ﴾

﴿وَإِنَّكُمۡ لَتَمُرُّونَ عَلَيۡهِم مُّصۡبِحِينَ ١٣٧ وَبِٱلَّيۡلِۚ أَفَلَا تَعۡقِلُونَ﴾

الوَقفُ القَبيح

هو الوقفُ علىٰ كلمةٍ قرآنيةٍ بينَها وبينَ ما بعدَها تعلُّقٌ لفظيٌّ ومعنويٌّ ، والوقفُ عليها يعطي معنًى ناقصًا أو خاطئًا ، لا يُتَعَمَّدُ الوقفُ عليه ، فإنْ وَقَفَ عليه مضطرًّا أعادَ ، نحو :

وەستانی ناشرین (اَلْوَقْفُ الْقَبِيحُ)

بریتییە لەوەستان لەسەر وشەیەکی قورئانی پیرۆز کە لە نێوان خۆی ودوای خۆی پەیوەندی هەیە لەڕووی (ڕێزمانی) و (مانا) وە، بەڵام وەستان لەسەری مانایەکی (ناتەواو)یان(هەڵە)دەبەخشێت ،

نا بێت لەو شوێنانەدا بە ئەنقەست بوەستێت ، ئەگەر بە ناچاری لەسەری وەستا دەبێت بگەڕێتەوە پێشتر و دووبارەی بکاتەوە ، وەکو :

أَمْثِلَةٌ عَلَى الوَقْفِ القَبِيحِ

﴿ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴾

﴿ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَغْفِرُ أَن يُشْرَكَ بِهِۦ ﴾

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَا تَقْرَبُوا۟ ٱلصَّلَوٰةَ وَأَنتُمْ سُكَٰرَىٰ ﴾

﴿ وَتَرَكْنَا يُوسُفَ عِندَ مَتَٰعِنَا فَأَكَلَهُ ٱلذِّئْبُ ﴾

چەند نموونەیەك لەسەر وەستانی ناشیرین

﴿ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ﴾

﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَغۡفِرُ أَن يُشۡرَكَ بِهِۦ﴾

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَقۡرَبُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَأَنتُمۡ سُكَٰرَىٰ﴾

﴿وَتَرَكۡنَا يُوسُفَ عِندَ مَتَٰعِنَا فَأَكَلَهُ ٱلذِّئۡبُ﴾

قَاعِدَتَانِ فِي الوَقْفِ

١- الوقفُ على رؤوسِ الآيِ سُنَّةٌ مطلقًا .

٢- ليسَ في القرآنِ وقفٌ واجبٌ أو حرامٌ شرعًا إلَّا ما أَفسَدَ المعنى .

دوو یاسا لە وەستاندا

١)وەستان لەسەر کۆتایی ئایەتەکان سوننەتە .

٢)لە قورئاندا وەستانێک نییە پێویست (واجب) بێت یان قەدەغە (حەرام)بێت لەڕووی شەرعەوە مەگەر ماناکەی تێکبدات .

تنبيهات

- لا يُوقَفُ علىٰ الفعلِ دونَ فاعلِه .
- ولا علىٰ الفاعلِ دونَ مفعولِه .
- ولا علىٰ حرفِ الجرِّ دونَ مجرورِه .
- ولا علىٰ المُضافِ دونَ المُضافِ إليه .
- ولا علىٰ المبتدإِ دونَ خبرِه .

چەند ئاگادارکردنەوەیەك

- نابێت لە سەر کار (فِعل) بوەستیت بە بێ بکەر (فَاعِل) .
- نابێت لەسەر بکەر (فَاعِل) بوەستیت بەبێ (مَفْعَول به).
- نابێت لەسەر پیتی (جەڕ) بوەستیت بەبێ ناوە (مەجرور)ەکە .
- نابێت لە سەر (مُضَاف) بوەستیت بە بێ (مُضَاف إلَيه) .
- نابێت لە سەر (مُبْتَدأ) بوەستیت بە بێ (خَبَر) .

تنبيهات

- ولا يُوقَفُ على المَوصوفِ دونَ صفتِهِ .
- ولا على المَعطوفِ عليه دونَ المَعطوفِ .
- ولا على صاحبِ الحالِ دونَ الحال .
- ولا على العددِ دونَ المعدود .
- ولا على المؤكَّدِ دونَ التَّوكيد .

چەند ئاگادارکردنەوەیەك

– **نابێت لە سەر** (مَوصُوف) **بوەستیت بە بێ** (صِفَه) .

– **نابێت لە سەر** (مَعْطُوف عَلَیه) **بوەستیت بە بێ** (مَعْطُوف) .

– **نابێت لە سەر خاوەن حاڵ** (صَاحِبُ الحَال) **بوەستیت بە بێ** (حَال) .

– **نابێت لە سەر ژمارە** (العَدَد) **بوەستیت بەبێ ژمێرراوەکە** (المَعْدُود) .

– **نابێت لە سەر** (مُؤَکَد) **بوەستیت بە بێ** (تَوکِید) .

عَلاماتُ الوَقفِ في المُصحَفِ



مـ : علامةُ **الوقفِ اللّازم** : وليسَ اللُّزومُ هنا لزومًا شرعيًّا بمعنىٰ يأثمُ تاركه ، وإنَّما هو لُزومٌ اصطلاحيٌّ ، حتىٰ يَفصِلَ القارئُ بين معنيَين ، فمثلًا قولُه تعالىٰ :

﴿ إِنَّمَا يَسْتَجِيبُ ٱلَّذِينَ يَسْمَعُونَ ۘ ﴾ يَقِفُ القارئُ ثم يَبتدِئُ : ﴿ وَٱلْمَوْتَىٰ يَبْعَثُهُمُ ٱللَّهُ ﴾ ولو وَصَلَ لأَوْهَمَ أنَّ الاِستجابةَ حاصلةٌ مِن الذينَ يَسمَعون ومِن الموتىٰ ، وهو غيرُ صحيح .

نیشانەکانی وەستان لەقورئاندا



م : نیشانەی وەستانی پێویستە : مەبەستمان پێویست و واجبی شەرعی نییە کە هەر کەس نەوەستێت گوناهبار دەبێت ، بەڵکو لەڕووی زاراوەوە پێویستە ، بۆئەوەی قورئانخوێن هەردوو ماناکە جیابکاتەوە ، بۆ نمونە : ﴿إِنَّمَا يَسْتَجِيبُ ٱلَّذِينَ يَسْمَعُونَ ۘ﴾ قورئانخوێن دەوەستێت پاشان دەستپێدەکاتەوە لە :

﴿ وَٱلْمَوْتَىٰ يَبْعَثُهُمُ ٱللَّهُ ﴾ خۆ ئەگەر بیگەیەنێت وا گومان دەبرێت کە وەڵام دانەوەکە هەم لەوانەوەیە کە دەیبیستن وهەم لە مردوانیش ، کە ئەمەش ڕاست نییە .

عَلَامَاتُ الوَقْفِ فِي المُصْحَفِ

لا : علامةُ **الوقفِ الممنوع** ؛ لعدمِ تمامِ المعنىٰ ، كقولِه تعالىٰ : ﴿ وَٱلَّذِى جَآءَ بِٱلصِّدْقِ وَصَدَّقَ بِهِۦٓ ۙ أُوْلَـٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُتَّقُونَ ﴾ فلا يَصحُّ الوقفُ علىٰ : ﴿ وَصَدَّقَ بِهِۦٓ ۙ ﴾ لأنَّ ﴿ وَٱلَّذِى ﴾ مبتدأٌ ، وخبرُه ﴿ أُوْلَـٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُتَّقُونَ ﴾ ولا يَصحُّ فصلُ الخبرِ عن المبتدإِ .



نیشانەکانی وەستان لەقورئاندا



لا : نیشانەی وەستانی قەدەغەکراوە : چونکە ماناکە تەواو نابێت ، وەکو :

﴿وَٱلَّذِی جَآءَ بِٱلصِّدۡقِ وَصَدَّقَ بِهِۦٓ ۙ أُوْلَـٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡمُتَّقُونَ﴾

دروست نیه لەسەر ﴿وَصَدَّقَ بِهِۦٓ ۙ﴾ **بوەستیت چونکە** ﴿وَٱلَّذِی﴾ **(موبتەدا)یە ، وە (خەبەرەکەی)** ﴿أُوْلَـٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡمُتَّقُونَ﴾ **، وە دروست نییە (خەبەر) جیابکرێتەوە لە (موبتەدا).**

علامات الوقف في المصحف

ج : علامةُ **جوازِ الوقفِ وجوازِ الوصلِ**

كقولِه تعالىٰ : ﴿ ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلْمَوْتَ وَٱلْحَيَوٰةَ لِيَبْلُوَكُمْ أَيُّكُمْ أَحْسَنُ عَمَلًا ۚ وَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْغَفُورُ ﴾

يَصِحُّ جعلُ جملةِ ﴿ وَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْغَفُورُ ﴾ حاليَّةً مرتبطةً بما قبلَها فيجوزُ وصلُها به

ويَصِحُّ جعلُها مستأنَفةً فيجوزُ الوقفُ علىٰ ما قبلَها والبدءُ بها .



نیشانەکانی وەستان لەقورئاندا

ج : نیشانەی دروستی وەستان و دروستی گەیاندنە ، وەکو : ﴿ ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلْمَوْتَ وَٱلْحَيَوٰةَ لِيَبْلُوَكُمْ أَيُّكُمْ أَحْسَنُ عَمَلًاۚ وَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْغَفُورُ ﴾ دروستە ڕستەی ﴿ وَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْغَفُورُ﴾ بکرێتە حاڵ وە پەیوەست بوو بە پێش خۆی کەواتە دروستە گەیاندنی پێی ، وە دروستە بکرێتە ڕستەیەکی تازە کە لە سەر پێش خۆی بوەستێت و بەو دەستپێبکەیت .



عَلَامَاتُ الوَقفِ فِي المُصحَفِ



قلى : علامةُ جوازِ الوصلِ مع كَونِ **الوقفِ أوْلىٰ** ، كقولِه تعالىٰ :

﴿ فَإِن قَٰتَلُوكُمۡ فَٱقۡتُلُوهُمۡۗ كَذَٰلِكَ جَزَآءُ ٱلۡكَٰفِرِينَ ﴾

يَصحُّ وصلُ ﴿ فَٱقۡتُلُوهُمۡۗ ﴾ بما بعدَه لارتباطِ المعنيَين ، ولكنَّ الوقفَ عليه أوْلىٰ للفصلِ بينَ الحُكمِ وتعليلِه .

نیشانەکانی وەستان لەقورئاندا



قلے : نیشانەی دروستی گەیاندنە ، لەگەڵ ئەوەدا وەستان لە پێشترە ، وەکو :

﴿ فَإِن قَٰتَلُوكُمۡ فَٱقۡتُلُوهُمۡۗ كَذَٰلِكَ جَزَآءُ ٱلۡكَٰفِرِينَ ﴾

دروستە گەیاندنی ﴿ فَٱقۡتُلُوهُمۡۗ ﴾ بەدوای خۆی لەبەر پەیوەندی ماناکانیان ،بەڵام وەستان لەسەری چاکترە بۆ جیاکردنەوەی حوکم و هۆکارەکەی .

علاماتُ الوقفِ في المصحفِ



صلى : علامةُ جوازِ الوقفِ مع كَونِ **الوصلِ أَوْلىٰ**

كقولِه تعالىٰ : ﴿ مَا تَرَىٰ فِى خَلْقِ ٱلرَّحْمَٰنِ مِن تَفَٰوُتٍ ۖ فَٱرْجِعِ ٱلْبَصَرَ هَلْ تَرَىٰ مِن فُطُورٍ ﴾ يَصحُّ جعلُ جملةِ ﴿ فَٱرْجِعِ ٱلْبَصَرَ هَلْ تَرَىٰ مِن فُطُورٍ ﴾ مستأنفةً وبالتالي يُبتَدأُ بها ، إلّا أنَّ التحدّيَ في قولِه ﴿ فَٱرْجِعِ ٱلْبَصَرَ ﴾ راجعٌ إلىٰ ﴿ خَلْقِ ٱلرَّحْمَٰنِ ﴾ في الجملةِ قبلَه ، ممّا يجعلُ الوصلَ أَوْلىٰ لشدّةِ الاتصالِ بينَ المعنيَين .

نیشانەکانی وەستان لەقورئاندا



صلے : نیشانەی دروستی وەستانە ، لەگەڵ ئەوەشدا **گەیاندن چاکترە** . وەکو : ﴿مَّا تَرَىٰ فِي خَلۡقِ ٱلرَّحۡمَٰنِ مِن تَفَٰوُتٖۖ فَٱرۡجِعِ ٱلۡبَصَرَ هَلۡ تَرَىٰ مِن فُطُورٖ﴾ دروستە ڕستەی ﴿فَٱرۡجِعِ ٱلۡبَصَرَ هَلۡ تَرَىٰ مِن فُطُورٖ﴾ دابنرێت بە ڕستەیەکی سەربەخۆ و دەتوانرێت لێیەوە دەستپێبکات ، بەڵام (تَحَدِّي) یەکە لە فەرمایشتەکەی ﴿ فَٱرۡجِعِ ٱلۡبَصَرَ﴾ دەگەڕێتەوە بۆ ﴿ خَلۡقِ ٱلرَّحۡمَٰنِ﴾ لەڕستەی پێش خۆی ، هەر ئەمەشە وایکردووە کە گەیاندن چاکترە لەبەر ئەو پەیوەندییە بەهێزەی کە لە نێوان هەردوو واتاکەدا هەیە.


عَلَامَاتُ الوَقْفِ فِي المُصْحَفِ



∴ ∴ : علامةُ **تعانُقِ الوقفِ** ؛ بحيثُ إذا وُقِفَ على أحدِ المَوضعَينِ لا يُوقَفُ على الآخَر ، كقوله تعالى :

﴿ ذَٰلِكَ ٱلْكِتَٰبُ لَا رَيْبَ ∴ فِيهِ ∴ هُدًى لِّلْمُتَّقِينَ ﴾

نیشانەکانی وەستان لەقورئاندا



∴ : نیشانەی (لەخۆ گرتنی وەستانە)، بەشێوەیەک

ئەگەر لەسەر یەکێک لەو دوو شوێنە وەستایت لەسەر

ئەوی تر ناوەستیت ، وەکو:

﴿ ذَٰلِكَ ٱلۡكِتَٰبُ لَا رَيۡبَۛ فِيهِۛ هُدٗى لِّلۡمُتَّقِينَ ﴾

قَاعِدَةُ حَفْصٍ فِي الوَقْفِ الاخْتِبَارِيِّ أَوِ الاضْطِرَارِيِّ

كانَ **حفصٌ يُراعي رَسمَ المصحفِ في الوقفِ** علىٰ ما كُتِبَ مقطوعًا أو مَوصولًا مِن الكلمات القرآنيَّة :

فيصحُّ أن **يَقِفَ القارئُ** - مضطرًا أو مختبَرًا - **علىٰ الكلمةِ الأُولىٰ أو الثانية** ممَّا رُسِمَ في المصحفِ الشريفِ **مقطوعًا** ، نحو :

﴿ أَن لَّا ﴾ ﴿ مِن مَّا ﴾ ﴿ عَن مَّا ﴾

أمَّا **ما رُسِمَ مَوصولًا** مِن ذلك فيَقِفُ **علىٰ الكلمةِ الثانيةِ فقط** ، نحو :

﴿ أَلَّا ﴾ ﴿ مِمَّا ﴾ ﴿ عَمَّا ﴾

یاسای حفص لە وەستانی تاقیکاری یان ناچاری

ئیمامی (حفص) موراعاتی رەنوسی قورئانی پیرۆزی کردووە لە وەستان دا لەسەر ئەو وشە قورئانییانەی بەجیا یان بەیەکەوە نوسراون :

دروستە قورئانخوێن بوەستێت – لە حاڵەتی ناچاری یان تاقیکاری – لەسەر وشەی یەکەم یان دووەم لەسەر ئەو وشانەی کە بەجیا نوسراون ، وەکو :

﴿أَن لَّا﴾ ﴿مِن مَّا﴾ ﴿عَن مَّا﴾

بەڵام ئەو وشانەی پێکەوە نوسراون تەنها لەسەر وشەی دووەم دەوەستێت ، وەکو :

﴿أَلَّا﴾ ﴿مِمَّا﴾ ﴿عَمَّا﴾

أَمثِلَةٌ عَلَى الوَقفِ الاختِبَارِيِّ أوِ الاضطِرَارِيِّ

(ماحُذِفَت منه الألف)

﴿ أَيُّهَ ٱلْمُؤْمِنُونَ ﴾	النُّور (٣١) يُوقَف عليها ←	﴿ أَيُّهْ ﴾
﴿ يَـٰٓأَيُّهَ ٱلسَّاحِرُ ﴾	الزُّخرف (٤٩) يُوقَف عليها ←	﴿ يَـٰٓأَيُّهْ ﴾
﴿ أَيُّهَ ٱلثَّقَلَانِ ﴾	الرَّحمن (٣١) يُوقَف عليها ←	﴿ أَيُّهْ ﴾

چەند نمونەیەك لەسەر وەستانی تاقیكاریی یان ناچاری
(ئەوەی ئەلیفی لێسڕاوەتەوە)

النُّور (٣١)

﴿ أَيُّهَ ٱلْمُؤْمِنُونَ ﴾ ← لەسەری دەوەستیت بە ﴿ أَيُّهْ ﴾

الزُّخرف (٤٩)

﴿ يَـٰٓأَيُّهَ ٱلسَّاحِرُ ﴾ ← لەسەری دەوەستیت بە ﴿ يَـٰٓأَيُّهْ ﴾

الرَّحمن (٣١)

﴿ أَيُّهَ ٱلثَّقَلَانِ ﴾ ← لەسەری دەوەستیت بە ﴿ أَيُّهْ ﴾

أَمْثِلَةٌ عَلَى الوَقْفِ الاِخْتِبَارِيِّ أَوْ الاِضْطِرَارِيِّ

(ماحُذِفَت منه الألف)

﴿ فِيمَ أَنتَ ﴾	النّازعات (٤٣) يُوقَف عليها ←	﴿ فِيمْ ﴾
﴿ بِمَ يَرْجِعُ ﴾	النّمل (٣٥) يُوقَف عليها ←	﴿ بِمْ ﴾
﴿ مِمَّ خُلِقَ ﴾	الطّارق (٥) يُوقَف عليها ←	﴿ مِمّ ﴾

چەند نمونەیەك لەسەر وەستانی تاقیکاریی یان ناچاری
(ئەوەی ئەلیفی لێسڕاوەتەوە)

النَّازعات (٤٣)

﴿فِيمَ أَنتَ﴾ ← لەسەری دەوەستیت بە ← ﴿فِيمْ﴾

النَّمل (٣٥)

﴿بِمَ يَرْجِعُ﴾ ← لەسەری دەوەستیت بە ← ﴿بِمْ﴾

الطَّارق (٥)

﴿مِمَّ خُلِقَ﴾ ← لەسەری دەوەستیت بە ← ﴿مِمّْ﴾

أَمْثِلَةٌ عَلَى الوَقْفِ الاخْتِبَارِيِّ أَوِ الاضْطِرَارِيِّ

(ما حُذِفَت منه الواو)

	الإسراء (١١)	
﴿ وَيَدْعُ ٱلْإِنسَـٰنُ ﴾	يُوقَف عليها	﴿ وَيَدْعْ ﴾

	الشُورىٰ (٢٤)	
﴿ وَيَمْحُ ٱللَّهُ ﴾	يُوقَف عليها	﴿ وَيَمْحْ ﴾

	القمر (٦)	
﴿ يَوْمَ يَدْعُ ٱلدَّاعِ ﴾	يُوقَف عليها	﴿ يَوْمَ يَدْعْ ﴾

چەند نمونەیەك لەسەر وەستانی تاقیکاریی یان ناچاری
(ئەوەی (واو) ەکەی لێسڕاوەتەوە)

الإسراء (١١)

﴿ وَيَدْعُ ٱلْإِنسَٰنُ ﴾	لەسەری دەوەستیت بە ←	﴿ وَيَدْعْ ﴾

الشُورىٰ (٢٤)

﴿ وَيَمْحُ ٱللَّهُ ﴾	لەسەری دەوەستیت بە ←	﴿ وَيَمْحْ ﴾

القمر (٦)

﴿ يَوْمَ يَدْعُ ٱلدَّاعِ ﴾	لەسەری دەوەستیت بە ←	﴿ يَوْمَ يَدْعْ ﴾

أَمْثِلَةٌ عَلَى الوَقْفِ الاخْتِبَارِيِّ أَوِ الاضْطِرَارِيِّ

(ما حُذِفَت منه الواو)

العلق (١٨)

﴿ سَنَدْعُ ٱلزَّبَانِيَةَ ﴾ ← يُوقف عليها ← ﴿ سَنَدْعُ ﴾

التحريم (٤)

﴿ وَصَٰلِحُ ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴾ (*) ← يُوقف عليها ← ﴿ وَصَٰلِحْ ﴾

(*) علىٰ أنَّ أصلَها : (وَصَالِحُوا) فكُتِبتْ في المُصحفِ الشريفِ علىٰ نيَّةِ الوصلِ ؛ لسُقوطِ الواوِ لفظًا مِن أجلِ التقاءِ الساكنَين .

چەند نمونەیەك لەسەر وەستانی تاقیكاریی یان ناچاری
(ئەوەی (یاء) ەكەی لێسڕاوەتەوە)

طه (١٢)

﴿ بِٱلۡوَادِ ٱلۡمُقَدَّسِ ﴾ ← لەسەری دەوەستیت بە ﴿ بِٱلۡوَادۡ ﴾

النمل (١٨)

﴿ عَلَىٰ وَادِ ٱلنَّمۡلِ ﴾ ← لەسەری دەوەستیت بە ﴿ عَلَىٰ وَادۡ ﴾

القصص (٣٠)

﴿ مِن شَٰطِيِٕ ٱلۡوَادِ ٱلۡأَيۡمَنِ ﴾ ← لەسەری دەوەستیت بە ﴿ مِن شَٰطِيِٕ ٱلۡوَادۡ ﴾

أَمْثِلَةٌ عَلَى الوَقْفِ الاخْتِبَارِيِّ أَوِ الاضْطِرَارِيِّ

(ماحُذِفَت منه الياء)

الرّوم (٥٣)

﴿ وَمَآ أَنتَ بِهَـٰدِ ٱلْعُمْىِ ﴾ ← يُوقَف عليها ← ﴿ بِهَـٰدْ ﴾

يس (٢٣)

﴿ إِن يُرِدْنِ ٱلرَّحْمَـٰنُ ﴾ ← يُوقَف عليها ← ﴿ إِن يُرِدْنْ ﴾

الصّافّات (١٦٣)

﴿ مَنْ هُوَ صَالِ ٱلْجَحِيمِ ﴾ ← يُوقَف عليها ← ﴿ مَنْ هُوَ صَالْ ﴾

چەند نمونەیەك لەسەر وەستانی تاقیکاریی یان ناچاری
(ئەوەی (یاء) ەکەی لێسڕاوەتەوە)

الرُوم (٥٣)

﴿ وَمَآ أَنتَ بِهَـٰدِ ٱلۡعُمۡيِ ﴾ ← لەسەری دەوەستیت بە ← ﴿ بِهَـٰدۡ ﴾

يس (٢٣)

﴿ إِن يُرِدۡنِ ٱلرَّحۡمَـٰنُ ﴾ ← لەسەری دەوەستیت بە ← ﴿ إِن يُرِدۡنۡ ﴾

الصَّافَّات (١٦٣)

﴿ مَنۡ هُوَ صَالِ ٱلۡجَحِيمِ ﴾ ← لەسەری دەوەستیت بە ← ﴿ مَنۡ هُوَ صَالۡ ﴾

أَمْثِلَةٌ عَلَى الوَقْفِ الاخْتِبَارِيِّ أَوِ الاضْطِرَارِيِّ

(ما حُذِفَت منه الياء)

القمر (٥)

﴿ فَمَا تُغْنِ ٱلنُّذُرُ ﴾ ← يُوقَف عليها ← ﴿ فَمَا تُغْنْ ﴾

الرَّحمن (٢٤)

﴿ وَلَهُ ٱلْجَوَارِ ٱلْمُنشَـَٔاتُ ﴾ ← يُوقَف عليها ← ﴿ وَلَهُ ٱلْجَوَارْ ﴾

التكوير (١٦)

﴿ ٱلْجَوَارِ ٱلْكُنَّسِ ﴾ ← يُوقَف عليها ← ﴿ ٱلْجَوَارْ ﴾

چەند نمونەیەك لەسەر وەستانی تاقیکاریی یان ناچاری
(ئەوەی (یاء) ەکەی لێسڕاوەتەوە)

القمر (٥)

﴿ فَمَا تُغْنِ ٱلنُّذُرُ ﴾ ← لەسەری دەوەستیت بە ← ﴿ فَمَا تُغْنْ ﴾

الرّحمن (٢٤)

﴿ وَلَهُ ٱلْجَوَارِ ٱلْمُنشَـَٔاتُ ﴾ ← لەسەری دەوەستیت بە ← ﴿ وَلَهُ ٱلْجَوَارْ ﴾

التكوير (١٦)

﴿ ٱلْجَوَارِ ٱلْكُنَّسِ ﴾ ← لەسەری دەوەستیت بە ← ﴿ ٱلْجَوَارْ ﴾

أَمْثِلَةٌ عَلَى الوَقْفِ الاخْتِبَارِيِّ أَوِ الاضْطِرَارِيِّ

(ما حُذِفَت منه الياء)

النّساء (١٤٦)

﴿ وَسَوْفَ يُؤْتِ ٱللَّهُ ﴾ ← يُوقَف عليها ← ﴿ وَسَوْفَ يُؤْتِ ﴾

المائدة (٣)

﴿ وَٱخْشَوْنِ ٱلْيَوْمَ ﴾ ← يُوقَف عليها ← ﴿ وَٱخْشَوْنِ ﴾

يونس (١٠٣)

﴿ نُنجِ ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴾ ← يُوقَف عليها ← ﴿ نُنجِ ﴾

چەند نمونەیەك لەسەر وەستانی تاقیكاریی یان ناچاری
(ئەوەی (یاء) ەكەی لێسڕاوەتەوە)

النّساء (١٤٦)

﴿ وَسَوۡفَ يُؤۡتِ ٱللَّهُ ﴾ ← لەسەری دەوەستیت بە ← ﴿ وَسَوۡفَ يُؤۡتۡ ﴾

المائدة (٣)

﴿ وَٱخۡشَوۡنِ ٱلۡيَوۡمَ ﴾ ← لەسەری دەوەستیت بە ← ﴿ وَٱخۡشَوۡنۡ ﴾

يونس (١٠٣)

﴿ نُنجِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ ﴾ ← لەسەری دەوەستیت بە ← ﴿ نُنجۡ ﴾

أَمْثِلَةٌ عَلَى الوَقْفِ الاخْتِبَارِيِّ أَوِ الاضْطِرَارِيِّ

(ما حُذِفت منه الياء)

طه (١٢)

﴿ بِٱلْوَادِ ٱلْمُقَدَّسِ ﴾ ← يُوقَف عليها ← ﴿ بِٱلْوَادْ ﴾

النمل (١٨)

﴿ عَلَىٰ وَادِ ٱلنَّمْلِ ﴾ ← يُوقَف عليها ← ﴿ عَلَىٰ وَادْ ﴾

القصص (٣٠)

﴿مِن شَٰطِيِٕ ٱلْوَادِ ٱلْأَيْمَنِ﴾ ← يُوقَف عليها ← ﴿مِن شَٰطِيِٕ ٱلْوَادْ﴾

چەند نمونەیەك لەسەر وەستانی تاقیکاریی یان ناچاری
(ئەوەی (یاء) ەکەی لێسڕاوەتەوە)

طه (١٢)

﴿ بِٱلۡوَادِ ٱلۡمُقَدَّسِ ﴾ ← لەسەری دەوەستیت بە ← ﴿ بِٱلۡوَادۡ ﴾

النمل (١٨)

﴿ عَلَىٰ وَادِ ٱلنَّمۡلِ ﴾ ← لەسەری دەوەستیت بە ← ﴿ عَلَىٰ وَادۡ ﴾

القصص (٣٠)

﴿ مِن شَـٰطِيِٕ ٱلۡوَادِ ٱلۡأَيۡمَنِ ﴾ ← لەسەری دەوەستیت بە ← ﴿ مِن شَـٰطِيِٕ ٱلۡوَادۡ ﴾

أَمْثِلَةٌ عَلَى الوَقْفِ الاخْتِبَارِيِّ أَوِ الاضْطِرَارِيِّ

(ما حُذِفَت منه الياء)

ق (٤١)

﴿ يَوْمَ يُنَادِ ٱلْمُنَادِ ﴾ ← يُوقَف عليها ← ﴿ يَوْمَ يُنَادْ ﴾

الحج (٥٤)

﴿ لَهَادِ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ ﴾ ← يُوقَف عليها ← ﴿ لَهَادْ ﴾

چەند نمونەیەك لەسەر وەستانی تاقیکاریی یان ناچاری
(ئەوەی (یاء) ەکەی لێسڕاوەتەوە)

ق (٤١)

﴿ يَوۡمَ يُنَادِ ٱلۡمُنَادِ ﴾ ← لەسەری دەوەستیت بە ← ﴿ يَوۡمَ يُنَادۡ ﴾

الحج (٥٤)

﴿ لَهَادِ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ ﴾ ← لەسەری دەوەستیت بە ← ﴿ لَهَادۡ ﴾

أَمْثِلَةٌ عَلَى الوَقْفِ الاخْتِبَارِيِّ أَوِ الاضْطِرَارِيِّ

(ما رُسِم مقطوعًا أو موصولًا)

الإسراء (١١٠)

﴿ أَيًّا مَّا تَدْعُوا ﴾ ← يُوقَف عليها ← ﴿أَيًّا﴾ أو ﴿أَيًّا مَّا﴾

الصافات (١٣٠)

﴿ إِلْ يَاسِينَ ﴾ ← يُوقَف عليها ← (إِلْيَاسِينْ)(*)

ص (٣)

﴿ وَلَاتَ حِينَ ﴾ ← يُوقَف عليها ← ﴿ وَلَاتْ ﴾

(*) لأنها كلمةٌ واحدةٌ على روايةِ حفص .

چەند نمونەیەك لەسەر وەستانی تاقیکاریی یان ناچاری

(ئەوەی ڕەنوسکراوە بە جیا یان پێکەوە)

﴿أَيًّا مَّا تَدْعُوا۟﴾ — الإسراء (١١٠) — لەسەری دەوەستیت بە ← ﴿أَيًّا﴾ یان ﴿أَيًّا مَّا﴾

﴿إِلْ يَاسِينَ﴾ — الصّافات (١٣٠) — لەسەری دەوەستیت بە ← (إِلْيَاسِينْ) (*)

﴿وَلَاتَ حِينَ﴾ — ص (٣) — لەسەری دەوەستیت بە ← ﴿وَلَاتْ﴾

(*) چونکە لەڕیوایەتی ئیمامی (حفص) دا یەک وشەیە.

أَمْثِلَةٌ عَلَى الوَقْفِ الاخْتِبَارِيِّ أَوِ الاضْطِرَارِيِّ

(ما رُسِم مقطوعًا أو موصولًا)

النساء (٧٨)

﴿ فَمَالِ هَٰٓؤُلَآءِ ﴾ ← يُوقَف عليها ﴿ فَمَا ﴾ أو ﴿ فَمَالْ ﴾

الكهف (٤٩) ، الفرقان (٧)

